زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسێی ژمارە ( ١٠ )



# عەبدلواحید

## خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی

نوسین و کۆکردنەوەی : محەمەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم : فێبرایەری ٢٠٢٠

زنجیرەی دۆسیێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

دۆسیێی ژمارە ( ١٠ )

# عەبدلواحید

# خولانەوە لە بازنەی چەمکە سواوەکانی ڕابوونی سەلەفی

نووسینی: محەممەد هەریری

چاپی ئەلکترۆنی یەکەم: فێبرایەری ٢٠٢٠

# دەروازە

قسەکردن لەسەر بانگخوازێکی جەماوەری ئاسان نییە لە بوونی هەزارەها سەرسامی ساویلکە لە دەوریدا! زۆر لەو بانگخوازە گەلێری و شەعبیانە لە مێژوودا شەرعیەتی خۆیان لە ڕێگای زانستیەوە وەرنەگرتوە، بەڵکو لە ڕێگای سۆز و خرۆشی جەماوەریەوە!

کاتێ تەبەڕی ناوی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە نێو ناوی زانای فیقهدا نەهێنا هێندەیان هەڕەشە لێکرد، نەوێرا لە ماڵەکەیەوە دەرکەوێت، هەر ئەوەش بووە هۆی کوشتنی!

زەحمەتە بۆ ئەو ساویلکە دینیانە بڵێی ئەوەی ئێوە پێی سەرسامن، بە تۆن هەڵەی دینی ومرۆیی و لۆژیکی و زانستی هەیە! لە کۆمێنتەکانی فەیسبوکدا دەمدیت لە ژێر هەر ڤیدیۆیەکی عەبدلواحید ئەوەی ڕەخنەیەکی ئاسایی لێگرتووە دەیان وسەدان جوێنی بێ پەردەی سنوور بەزێنی ئاڕاستە کراوە!

لەو دۆسێیەدا دەمانەوێ بە هێمنی باسی دیاردەی بانگخواز عەبدلواحید دەربارەی پێنج بواری سەرەکی کە خێرخوازی و ئافرەت و لۆژیکی زانستی و ئیسلامیەت وعەلمانیەت وبلاوکەرەوەی جەمکە چەواشەکارەکانی ڕابوونی بەناو ئیسلامییە!

زۆربەی ڤیدیۆ و دەرسەکانی عەبدلواحید لەو چوار پێنج تەوەرەیە دەخولێتەوە، بێگومان قسەی هەیە لەسەر بواریتریش، بەڵام ئێمە تەرکیز دەخەینە سەر ئەو بوارانە.

وشەی نهێنی یان پاسوەردی ئەو بابەتانەش بریتییە لە تێزی تووندڕەوانە وچەواشەکارانە، بۆ کردنەوەی هەر بوار وبابەتێک لەو بوار وبابەتانە.

ئەو چەواشەکاریانەی لەو دۆسێیە باسیان دەکەین تەنها چەند نمونەیەکن، ئەگەر نا سەدان وهەزاران چەواشەکاریتری هەیە، کە لە بیری عەرەبی سادەی بەناو ڕابوونی ئیسلامی وەریدەگرێت، وەریدەگێڕێتە سەر کوردی.

ئەو چەواشەکاریانەی بەناو ڕابوونی ئیسلامی هەموو جۆرێکن، چەواشەکاری زانستی بەناوی ئیعجازی عیلمی قورئان و سونە!

چەواشەکاری مێژوویی کە تەنها چەند وێنەیەکی بچوکی خەئاڵی و ئایدیاڵی مێژووی سەحابە و خەلافەت و ئیمامەکان پۆلیش دەکات، وفەرامۆشی هەموو خراپەکاری و کارە نێگەتیڤەکان دەکات.

چەواشەکاری سیاسی کە ئەو لایەنە زیاتر ئیسلامییە سیاسییە ئیخوانیەکان بەڕێوەی دەبەن! وەک موعجزاتی ئەفغانەکان لە شەڕیان دژی سۆڤیەتدا! و دەیان جۆری تری چەواشەکاری.

دەتوانم بڵێم کۆی ئەو کتێبە باس لەو چەواشەکاریانەی دکتۆر عەبدلواحد دەکات، بۆیەش کتێبەکەم بە ناوی بەشی پێنجەمی ئەو کتێبە کرد.

کاتێ گوێم لە وتارەکانی عەبدلواحید دەبێت، بۆم دەردەکەوێت کە چۆن لە نزمترین ئاستی مەعریفەی ئیسلامیدا قسەکانی دەکات، و دووبارەکەورەوەی سادەترین چەمک و بیروڕایە چەواشەکارە سەلەفی وئیخوانیەکانی بەناو ڕابوونی ئیسلامییە! هەموو ئەو جەواشەکارانەم دیوە و خوێندۆتەوە بە زمانی ئەسڵی خۆی کە عەرەبییە، بۆیە بانگەوازەکەی عەبدلوحید بە پلە یەک عەرەبییە بەرلەوەی جەواشەکار بێت!

هیوادارم توانیبێتم تیشکێک بخەمە سەر میکانیزمی بیرکردنەوەی دکتۆر عەبدلواحیدی بانگخواز، تا گەنجانمان بتوانن بە دروستی خوێندنەوەی بۆ بکەن، هیچیتر نەکەونە ژێر وتاری چەواشەکارانەی ئەو.

ئەو دۆسێیە بریتییە لە کۆی ئەو نوسینانەی کە لە کات وماوەی جیاوازدا نووسراوە، بە شێوەیەک داڕێژراوەتەوە یەکەی بابەتی تێدا بەدیبهێنرێت، هیوادارم بە سوود بێت.

**محەممەد هەریری**

٢٠٢٠/١/٣٠

# بەشی یەکەم

# دکتۆر عەبدلواحید و خێرخوازی و جەماوەری دینی!

# ئەوە خێرخوازییە
# نەک ڕیاکارانی ئیسلامی سیاسی!

خێرخوازیش ئەگەر بە ڕێگای دروست نەیکەیت، دەگۆڕێ بۆ ڕیابازی و دنیا پێ خواردن. لە ئیسلامیش دەڵێ چاکترە خێرکردن بە نهێنیەوە بێت، هەرچەندە لە هەندێ حالەت ڕێگای ئاشکراشی نەگرتوە. خەڵکانێکی سەرقاڵ بە بانگەوازی دینی هەمیشە هەڵپەی ئەوەیانە خێرخوازیەکەیان بە ئاشکرا بکەن، بە هیوای ئەوەی ژمارەی ئیماندارانیان زیاتر بکەن! ئەگەر ئەو بانگخوازییە لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی بوو ئەو زۆر خراپتر ڕیاکاری تێدەکەوێت. نەک ڕیاکاری بەڵکو زیادەڕەوی و درۆشی تێدەکەوێت!

ئەو کەسانەی کە تەنها لە پێناو خوا و ویژدان ئاسوودەیی مرۆییان خێر دەکەن، تا دەشمرن کەسێکی وا پێیان نازانێ، مەگەر ڕێکەوتێک ئاشکرایان کات. دکتۆر عەبدلواحید بەدەر نییە لەو هاوکێشەیە، چونکە خاوەنی پڕۆژەیەکی ئیسلامی سیاسی سەلەفییە، زۆر کار دەکات لەسەر بڵاوکردنەوەی کارە خێرخوازیەکانی، کە دۆست ولایەنگرانی دەیان وسەدان جار زیاتر بۆ ژیاد دەکەن ودرۆ و زێدەڕەوی تێدا دەکەن.

بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان خێرخوازی حزبی و دنیا ڕووداوی کەسێکی ناموسڵمانت بۆ باس دەکەم بە کورتی:

کەسێکە  لە خانوێکی کرێ دەژیا، ئۆتۆمبیلی خۆی نەبوو بە پاس هاتووچۆی دەکرد، جل وبەرگی گرانبەها لەبەر نەدەکر، سەعاتێکی گرانبەهای لەدەست نەبوو، سەرەڕای ئەوەش تا مرد ٨ ملیار دۆلاری بەخشی بۆ کاری خێرخوازی!

ئەو کەسە کێیە؟ چالک فینی ناوە، ئەو کەسەی لەگەڵ خۆی دەستگرەوە بوو، لەگەڵ خەڵک دەستوالآ بوو!

ملیۆنەها دۆلاری بەخشی بە دەیەها زانکۆ و تەنها لە ئێرلەندا ٧ زانکۆی دامەزراند، پارەیەکی زۆری بەخشی بەو منالآنەی بە لێوی قڵیساو لە دایک دەبن لە ولآتە هەژار وتازە پێگەیشتووەکان.

لە هەمووی گرنگتر ئەو پیاوە مەزنە بە هیچ جۆرێک بەدوای ستایش و شۆرەت نەبوو بەو کارانەی، بەڵکو نەیدەهێشت بە هیچ جۆرێک ناوی بێنن لە کاتی بەخشینی پارەکانی !دەیگووت بڵێن لە سەرچاوەیەکی نەزانراوەوە بەخشینەکان کراون!

بەر لە ماوەیەکی کەم لە کۆچی دوایی، میدیا لێیان لە هەڵدا وناویان ئاشکرا کرد، ئینجا میدیاکارێک لێی پرسی: بۆچی بڕیارت دا هەموو سامانەکەت بدەیتە کاری خێرخوازی؟!

چالک فینی بە زەردەخەنەیەکەوە لەوەڵآمدا گووتی: مرۆڤ بە ڕووتی لە دایک دەبێ، و بە ڕووتی و تەنهاییەوە دەمرێ، کەس ناتوانێ سەروەت وسامانی لەگەڵ خۆی هەڵگرێ پاش مردن...

میدیاکارەکە جارێکیتر لێی پرسی: بۆچی بڕیارت دا هەموو سامانەکەت بدەیتە کاری خێرخوازی؟!

چالک فینی بە زەردەخەنەیەکی جوانتر لەوەڵآمدا شتێکی  گووت کە کەس بە خەیالیدا تێنەپەڕیبوو، گووتی: چونکە کفن گیرفانی نییە!

ئەوە ڕەوشت و دەروونبەرزی کابرایەکی مەسیحییە، وەرن ئەو ڕەوشتە بەرزە و ئەو سەخاوەتە بەراورد کەن بەوانەی لە پێناو بلاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای دینیان ئەگەر سەد دۆلار بکەنە خێر، شەو وڕۆژ ڕێکلامی پێدەکەن. تەبەقە هێلکەیەک ببەخشن دەڕواننە کامیرا تا بزانن حزبی ئیسلامی فلانە!

جارێ ئەو هەموو پێداهەڵگوتنانەی دختۆر عەبدلواحید وئەو هەموو وێنانەی مرۆڤ والێدەکات پێی باشترە بمرێ نەک منەتی ئەو هەڵگرێ، چونکە لە ڕێکلامەکانییەوە دیارە خێرەکەی بە ناو وشۆرەتی خۆی دەکات، نەک بە خەڵک، چالک فینیش ٨ بلیۆنی بەخشی، لە دوادوای تەمەنی ناوی ئاشکرابوو، کامەیان بۆ خوایان بووە و کامەیان قبوڵ دەکرێ لای خەڵک وخوا!

سەیر لەوەدایە خودی ئیسلام زۆر دەقی تێدایە دەڵێ خێرەکانتان بە جۆرێک بکەن دەستی ڕاستە نەزانێ دەستی چەپە چی دەکاتە خێر! بەڵام ئیسلامی سیاسی بە پێچەوانەی ئیسلامی دین، وادەزانێ زیانی کردوە ئەگەر خێرەکانی ئاشکرا نەکات بۆ خەڵک! ئەوە یەکێکە لە جیاوازەکانی ئیسلامی دین وئیسلامی سیاسەت، وەک جیاوازی نێوان ڕاستگۆیی ومەرایی![1]

1 ـ٢٠١٩/٢/٢٧

# ناوێری باسی عەبدلواحید بکەیت دەڵێن دکتۆرێکی خێرخوازە؟!

هەر باسی عەبدلواحید بکەیت، سەد کەس دەڵێن دکتۆریکی باشە و بە خۆڕایی چارەسەری هەزاران دەکات و لەو قسانە! من گومانم نییە ئەو کارانەش هەر بۆ ڕاکێشانی خەڵکە بۆ ناو مێگەلی توندڕەوی، هەتا واش بێت ئەگەر جەستیەک چارەسەر بکات بە خۆڕایی، ئەوە هەزاران جەستە و مێشک ژەهراوی دەکات بە ئایدیا تووندڕەوەکانی..
کاتێ عەبدولواحید ئەو ڕوئیا توندوتیژانەی دەخاتە ڕوو لە دژی خەڵکانێکی عەلمانی و یەزیدی ومەسیحیەکانی و غەیری ئەوانیش بە ئاشکرا بێگومان زیان لە ڕیزی کورد دەدات بەرامبەر دوژمن! دەسەلاتی کوردی تەنها شانازیەکی هەبێت لە جیهاندا ئەو لێبوردەییە بەرامبەر فرە نەتەوەو فرە ئاینەکان، عەبدلواحید دەیەوێت وەک ولاتانیتر بێت دژی غەیرە موسڵمان بێت بە ڕیوایەتگەلێک، کە داعشیش پشت بەو ڕیوایەتانە دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی تاوانەکانی .

ئەو سووک سەیرکردنی ئافرەت بە جۆرەها تەکنیکی دینی، کاتێ هانی باوکەکان دەدات کچانیان لە قوتابخانە بێننەدەرێ وزوو بیاندەن بە شوو، وەک دایک وداپیرەکانیان، کاتێک داوا دەکات لە باوکان و پیاوان هەموو ئامرازێکی

پێشکەوتووی تەکنۆلۆژی لە کچانیان قەدەغە بکەن لە ئینتەرنێت و مۆبایل و هتد..یانی بە عەقڵیەتی زیندانیکەر مامەڵەی ئافرەتەکانمان بکەین، نەک عەقڵیەتی پەروەردەیی و ڕاستگۆیی و ئاڵوگۆڕی متمانە !بێگومان ژیانی زۆر لە کچانمان دەکاتە دۆزەخ بەدەستی باوک و برا و مێردەوە بەو هاندانە.

کاتێ هانی باوکان دەدات تاکو منداڵیان تەنها فێری عەرەبی بکەن ، و قێزەون کردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، یانی نەوەیەکی نەزان و تەنها شارەزا بەدینێکی تایبەت بەرهەم بهێنین، کوردستان بکەینە شاری قومی موقەدەسە هەمووی ببنە مەلا! ئەوە زیان لە ئایندەی کۆمەڵ ومنداڵەکان دەدات. کاتێ بەها سەلەفیە دواکەوتوەکان زیندوو دەکاتەوە لە حەرامکردنی وێنەکێشان و یاری و نیقاب پۆشین و حەرامکردنی هەموو خۆشیەکی بەری، بێگومان مەترسیە بۆ کۆمەڵگای هاوچەرخ. کاتێک داوا لە باوکان ودایکان دەکات دانیشن وەک قورئان منداڵانیان فێری وانەی جیهاد وغەزاکانی ئیسلام بکەن، بێگومان نەوەیەکی شەڕانگێز وتوندوتیژ بەرهەم دەهێنێت. بێگومان هەر عەبدلواحید نیە لەو مەیدانە، لەویش ترسناکتر هەیە، مەترسیەکەش هێندە لە قسەکان نییە، ئەوەندەی لە ساویلکەیی دینی خەڵکی کوردستانە کە زۆر کوێرانە بە گوێی قسەی مەلا و بانگخوازەکان دەکەن[2].

خێرخوازی هەقیقی وەک خێرخوازی چالک فینی یە، نەک بۆ ناوبانگ دەرکردن وگەیاندنی بیروڕای دینی خێرخوازی نمایشکارانە بکەیت، لەناو خەڵکانێکی ساویلکە کە دۆلارێکی لە هەزار دەدەن و بۆشی بڵاودەکەنەوە.

[2] - میللەت پرێس ٢٠١٦/٤/٦

# سەرسامی ساویلکانە!

لە سۆنگەی ئەو هەمـوو هەواڵە فـوتێکراوانە و زیادەڕۆیـانەی دەربـارەی کـارە خێرخوازیەکـانی عەبدلواحیـد، جەمـاوەرێکی زۆری بۆخـۆی کـۆکردۆتەوە، وەک کاردانەوەیەکیش لە دژی ئەو دەسەڵاتە کوردیەی کە تـا بـن پـیلان نـوقمی نـاو گەندەڵی بووە.

هەتـا کـاتێ مـن ڕەخنەکـانم دەنووسـی لەسـەر بیروئایـدیاکانی، کەسـانێکی سەرسـام بە مەلا و بـانگخواز دکتـۆر عەبدلواحیـد مـاوەیەکە بە نهێنـی وئاشـکرا نامەیـان بـۆ دەنووسـیم دەیـانگووت: ئەگەر تـۆ هێنـدە خـۆت پـێ زانـایە وەرە مونازەرەیەکی ئاشکرا بکە لەگەڵ دکتۆر عەبدلواحید بـزانە چیـت پـێ دەکـات؟! وادەزانن چۆن لەخێرخوازیدا زیادەڕەویان تێدا کردوە، لە بـواری فیکـریش هێنـدە بە هێزە و کەس باری نابا!

ئەو برادەرانە وادیـارە بەو مونـازەرانەی سـەر داروێنیـزم و ئیسـپاتی وجـودی خـوا بوغرا بوون، کە کەسانێکی بێ سەروبەر و نا پسپۆر چوونە ناو ئەو باسانەوە .
من سەیرم پێ دێت لە جیاتی ئەوەی لەسـەرخۆ گـوێ بگـرن بـزانن خەڵـک چـی دەڵێت لەسەر ئەفکارە بێ سـەروبەرەکانی دکتـۆر عەبدلواحیـد وهەڵە زەقەکـانی ببیـنن، پێیـان خۆشـە لە دوو سـەعات بـگەنە هەق وهەقـیقەت کە وەک شـەڕە کەڵەشـێری لێـدێت، کە تەنهـا لەبەرزکـردنەوەی ئاسـتی حەماسـەتی جەمـاوەری هەردوولا زیاتر کەم جار هەقیقەتێک دەردەخات.

مـن وەک یـاری تـۆپی پـێ و بۆکسێن نـاڕوانم لە مونـازەرە و ململانێـی فیکـری، ساغبوونەوەی فیکری نیـوان دوو کەسـی جیـاواز پێویسـتی بە دەیەهـا سـەعاتی بەردەوام هەیە باشـــترە وەک زنجیـــرەی درامـــا خەڵـــک ســـەیری کەن پـــاش تۆمارکردنی و تەواوبوونی.

من زۆر دوورم لە کوردستـان لە ڕووی جوگرافیەوە، هێندە حەزیشـم بە دەرکـەوتن نیـە لـە شاشـەی تەلەفزیـۆن ، وەک مەلا وبانگخوازەکـانی ئەو سـەردەمە، کە زۆرترین کاتی میدیاکانیان داگیرکـردوە، بـێ ئەوەی کەس هەسـت بە مەترسـی ئەو تەوژمە ترسناکەی کە دروست دەبێت لە سـایەی ئەو هەمـوو کـات و وتـارە! من زیاتر کەسێکی لێکـۆڵەر و نووسـەرم. ئەگەر هـاتوو مونازەرەشـم کـرد لەگەڵ دکتـۆر عەبدلواحیـد، نـاچم لەگەڵـی باسـی ئیمـان بەخـوا و داروێنـزم و زانسـتی پزیشکی بکەم، چونکە بابەتی من نین.

مـن باسـی ئەو قەناعـاتە مەترسـیدارانەی دەکەم لە دژی نیشـتیمان ومـیللەت و پێشمەرگە و کوردستـانیان! من ئەو ڕوئیا تونـدوتیژەی دەخەمە ڕوو کە دەربـارەی یەزیدی ومەسیحیەکانی و غەیری ئەوانیش بە ئاشکرا دەریدەبڕێت!

مـن باسـی سـووک سـەیرکردنی ئەو دەکەم بـۆ ئـافرەت، کە هـانی باوکەکـان دەدات کچانیـــان لە قوتابخـــانە دەرکەن وزوو بیانـــدەن بە شـــوو، وەک دایـــی وداپیرەکانیـان، وەک بە کچـانی کوڕێـک دەڵێـت: دەبیـت کچـانێکی وەک ئێـوە خـاوەنی چەنـدین منـداڵ بـن! باسـی ئەوەی لەگەڵ دەکەم کە داوا دەکـات لە

باوکـان و پیـاوان  هەمـوو ئـامرازێکی پێشـکەوتووی تەکنۆلـۆجی لە کچانمـان قەدەغە بـکەن لە ئینتەرنێـت و مۆبایـل و هتـد..یانی بە عەقڵیەتـی زینـدانیکەر مـامەڵەی ئافرەتەکانمـان بکەیـن، نەک عەقڵیەتـی پەروەردەیـی و ڕاسـتگۆیی ومتمانەی ئاڵوگۆڕ!

من باسی قەدەغەکردنی فێربوونی زمـانی ئینگلیـزی لەگەڵ دەکەم، لە کاتێکـدا خۆی بادەدا وفەخر بە ئینگلیزی زانینەوە دەکات خۆی!
مـــن باســـی زینـــدووکردنەوەی ئەو بەهـــا ســـەلەفیانەی لەگەڵ دەکەم لە حەرامکردنی وێنەکێشان و یاری و هەموو خۆشیەکی بەری.

من باسی ئەوەی لەگەڵ دەکەم چۆن داوا لە باوکان ودایکـان دەکەیـت دانیشـن وەک قورئان مندالآن فێری وانەی غەزاکان بکەن؟!
من خـاڵە هاوبەشـەکانی نیـوان وتـاری ئەو و وتـاری داعشـی بـۆ دەخەمە ڕوو کە دەڵێیت دوو لەتی سێوێکن!

لەنـاو میللەتـانی هۆشـیاردا پیاوێـک بەو هەمـوو بیروبـاوەڕ سـەقەتەوە، پـاش نووسینی پەشیماننامەکەی بە پـێچەوانەی قسـەکانی پێشـووی، بـێ مونـازەرەش دەکەوێــت، بەڵام سەرســامبووانی لە نــیمچە خوێنــدەوارەکان بەس دڵیــان بە مونازەرە ئاو دەخواتەوە، وادەزانن نهێنی ئەو پیاوە بەس ئەو کاتە دەردەکەوێت وەک گورگەکەی عەزیز نەسین!
لێــرەدا پرســیارێک بەرۆکمــان دەگرێــت، ئەویــش ئەوەیە بــۆچی خەڵــک وا قەرەباڵغی دەکەن لە دەوری عەبدلواحید؟!

# خەڵک بۆچی وا کۆدەبێتەوە لە دەوری عەبدولواحید!؟

خەلک کە هێشتا لە چوارچێوەی فەرهەنگێکی تەقلیدی و کۆنەخواز و لادێیی بژێت، بێگومان تەنها خۆشی وکات بەسەربردنی بەدیار وتارێکی دینیەوەیە، کە کەمێک ئەو دنیا سەختەی تیایدا دەژی لە بیرباتەوە. لادێیی مەبەست لە شوێن نییە، بەڵکو دەکرێ خەڵکی هەولێر وسلێمانی ودهۆکیش بگرێتەوە، بەڵکو مەبەست لە عەقڵیەت و چۆنیەتی ڕەفتارە.

ئەو خەڵکە بێئەوەی پێی بزانن بەو ڕەفتارانەیان لە مەترسیەکی گەورەدان، دوور نییە داعشێک لەو بۆشاییەی مێشکی وفەرهەنگی دزە بکاتە ناو ژیانیەوە، ژیانی لێبکاتە دۆزەخ. میللەتێک بە شەڕێکی داعشی چەندین ساڵە و بە هەزاران قوربانی گیان و قوربانی شکۆمەندی هێشتا سڵ نەکاتەوە لە داعشبیران، یاخوا موستەهەقی بێت ئەو باجەی لەو ڕێگایەوە دەیدات!

بوونی ویستێکی نێودەولەتی و دەسەلاتێکی توندوتیژی بەناو عەلمانی، کوردی لەو چارەنووسەی عەرەبی سوونەی عێڕاق و سوریا پاراست، دەنا بەو ساویلکەییە دینیە داعش زۆر ئاسانتر دەستی بەسەر جەماوەری کورد دەگرت.

ئەو خەڵکە ئەگەر هەل ومەرج لەباربا دەکەوتنە ژێر دەسەلأتێکی دینی داعشی، ئەو کاتە دەیانزانی چ دەبەنگییەکیان کردوە کاتێ ئەو هەموو ڕێزە لە کەسێکی دەروون داعشی وەک دختۆر عەبدولواحید دەگرن، و وەک مێش وەمەگەز لەو شتە قێزەونە کۆدەبنەوە.

ئەو خەڵکە چاک دەزانێ کە ئەو عەبدولواحیدە لە گەرمەی شەڕی داعشدا، بە شێوەیەکی ڕاشکاو پشتگیری لە داعش دەکرد، وپێشمەرگەی بە بەرەی کوفر وعەلمانیەت لە قەڵەم دەدا، ئەوە قسەکانی بوو:

" ئەوەی کە ئەمڕۆ لەسەر ئەساسی خاک دروست ئەبێ؛ باطیلە، ئەوەی لەسەر ئەساسی نەتەوە دروست ئەبێ؛ باطیلە. ئەوەی لەسەر ئەساسی عەلەم دروست ئەبێ؛ باطیلە. ئەوەی لەسەر ئەساسی عەشیرەت دروست ئەبێ؛ باطیلە"

## ئینجا دەڵێ:

" تۆ بە چ ڕویەکەوە ئەچیتەوە بەر دەستی خوا و ئەڵێیت: خوایە! لەپێناوی خاکێکا گیانم بەخشی؟! خاکێ دیفاعی لێ ئەکرێ و شەڕی لەسەر ئەکرێ کە بەرنامەی خوای تیا بێ، ڕێبازی خوای تیا بێ، پەیامی خوای تیا بێ. دیفاع لە بەرنامەکە ئەکەیت کە لەسەر ئەو خاکە تەتبیق ئەکرێ، لەبەر خوا."

کەوابوو دیفاعکردن لە کوردستان کوفرە چونکە بەرنامەی خوای تێدا جێبەجێ ناکرێ!

## لە بڕگەیەکیتر دەڵێت"

"ئەی تۆ چۆن ئەچیتە ناو سوپایەکی کوفرەوە کە عەلەمەکەی لەوپەڕی شیوعی و بێدینەوە تیایەتی تا ئەوپەڕی نەصرانی و ماسۆنیەت؟ نازانیت ئەم عەلەمە چیە، نازانیت ئەم کۆمەڵە چیە، نازانیت ئەم سەنگەرە چیە. پەنا ئەگرم بە خوا لەوەی لە سەنگەرێکی ئاوادا بمرین و لە شوێنێکی ئاوایا گیانمان بسپێرێ."

یانی ئەو پێشمەرگانەی لەو سەنگەرەی دژی داعش کوژراون، پەنا بەخوا هەموویان بۆ دۆزەخ!

باشە ئەو خەڵکە دەبەنگ وساویلکانە هێندە بێ کەرامەتن، هەتا بەرگری لە براو کوڕ و باوکە شەهیدەکانی خۆیانیش ناکەن، وا بە هەڵەداوان خەریکی سێلفی گرتنن لەگەڵ ئەو پیاوەی سووکایەتی بە شەهیدەکانیان دەکات؟!

ئینجا بە ئاشکرا بەرەی داعش پەسند دەدات بەسەر بەرەی کورد وپێشمەرگە و دەڵێت: " کاتێک دو جەیش بەرامبەری یەکتری ئەوەستن؛ ئەگەر ئێمە لە تەرەفی بەرامبەر [مەبەستی داعشە] گومانمان هەبێت کە ئایا بۆ خوا نین یان بۆ خوان ـ کە ئەوە ئەمێنێتەوە بازاڕی خوا!؛ بەڵام خۆ سەنگەرێکی تر کە بەرامبەری وەستاوەتەوە [مەبەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە] هیچ گومانمان لێی نیە کە قیاداتی ئەسڵەن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نوێژ وعیبادەتدا نەبینراون، لە عەمرەیا نەبینراون، ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی خوا ـ وەکو عورفێک نەبێ ـ بە دەمیانا نەهاتوە."

ئافرەتان و خەلک بۆیە لێی کۆدەبنەوە:

- چونکە پێیوایە کچ بە ٩ ساڵی بە شودان زۆر ئاساییە و فەرزە!

- چونکە دەڵێت ئافرەت بەلەبەرکردنی جل وبەرگی سفور سووک و سەلیم دەبیت!

- چونکە پێیوایە ئافرەت دەبەنگن و لە چاو پیاودا هیچ خەلأتێکی نۆبلی وایان دەست نەکەوتووە، کە ئیمە وەلأمێکی جەرگبڕمان داوە!

- چونکە پێیوایە ئافرەتی بە شەرم وحەیا ئەوەیە کە لە شەرمی پیاو نەوێرن ئاویش بە ئاشکرا بخۆنەوە!

- چونکە لای ئەو دکتۆرە بلیمەتە، لە بنەڕەتدا ئافرەت بۆ ئەوە نەکراوە پێ بنیتە دەرەوە، و دەڵێت تۆ بۆ دەرەوە نەکراویت، یانی دەبێت هەموو ژیانی لەناو قەبری ماڵە باوک و ماڵە مێرد بەسەر ببات!

- چونکە کاتێ بەها سەلەفیە دواکەوتوەکان زیندوو دەکاتەوە لە حەرامکردنی وێنەکێشان وفەرزکردنی نیقاب پۆشین.

- چونکە داوا لە باوکان ودایکان دەکات دانیشن وەک قورئان مندالأنیان فێری وانەی جیهاد وغەزاکانی ئیسلام بکەن، تا نەوەیەکی شەڕانگێژ وتوندوتیژی داعشی بەرهەم بێت لە کوردستان.

خەڵک بۆیە خۆشیان دەوێت:

- چونکە عەبدولواحید بە ڕاشکاوی لە دژی خەڵکانێکی عەلمانی و ئێزدی ومەسیحیەکانی و غەیری ئەوانیش قسە دەکات، ناهێڵێت ڕێزی هاولاّتیانی کوردستان پتەو بێت، سوکایەتی بە ئێزدیەکان دەکات! ئەوەش بێگومان زیان لە ڕیزی کورد دەدات بەرامبەر دوژمنانی لە بۆسە بۆ دانیشتووی!

ئەو دکتۆرە بلیمەتە کە خەڵکە بەتاڵ و بۆشەکان وەک مێش وەمەگەز لێی کۆدەبنەوە لە وتەیەکی نانەستەقدا دەڵێت: هەروەک چۆن شەرمە مرۆڤێکی کورد بەعسی بێت، ئاواش شەرمە موسڵمانێک عەلمانی بێت! چونکە بەعسی بوون خیانەتە لە کوردبوون، وعەلمانی بوونیش خیانەتە لە موسڵمان بوون! بەلاّم داعشبوون و سەلەفی بوون خیانەت نییە لە کوردبوون!

- چونکە بە شێوازێکی ئایدیۆلۆژی سیاسی ئیسلامی زۆر سوودی لەو بانگەشەی یارمەتیدانی هەژاران وەردەگرێت، لەبەر ئەو دەسەلاّتە گەندەڵەی بەناو عەلمانی کە تەنها خەریکی تالاّنی ودزین! ئەگینا چەندین دکتۆر لەو زیاتر یارمەتی هەژارانیان داوە، بەلاّم کەسێکی ئەوتۆ نایانناسێ، چونکە بۆ خوا و ویژدانی خۆیان ئەو کارانە دەکەن، بەلاّم کە عەبدولواحید کارێکی خێرخوازی کرد، هەزاران کەس دەڵێن دکتۆریکی باشە و بە خۆڕایی چارەسەری هەژاران دەکات و لەو قسانە! من گومانم نییە ئەو کارانەش هەر بۆ ڕاکێشانی خەڵکە بۆ ناو مێگەلی توندڕەوی. گریمان ئەو چاکانە واش بێت، تا جەستیەک چارەسەر بکات بە خۆڕایی، ئەوە هەزاران جەستە و مێشک ژەهراوی دەکات بە

ئایدیا تووندڕەوەکانی، هەزاران مرۆڤی ساویلکە لە مرۆڤبوون دەخات بەو پیسابییەی دەخاتە مێشک ودەروونیان..

ئەو وتانە هەمووی لە ڤیدیۆکانی خۆی وەرگیراوە، مشتێکن لە خەرمانی ئایدیا بۆگەن وترسناکەکانی، ئەو میللەتەی سەرسامی وەها وتارێک وبیرکردنەوەیەک دەبێت، دڵنیابن زوو یا درەنگ باجی ئەو کەرێتییەی دەدات![3]

لە بابەتەکانی داهاتووی ئەو دۆسێیە بە درێژتر قسە وشیکاری دەکەین لەسەر ئەو بابەتانەی دەیانوروژێنێ.

[3] - ٢٠١٩/١٢/٣١

# بەشی دووەم

# عەبدولواحید و ئافرەت

# تێروانینی سووک بەرامبەر ئافرەت

بە سوک سەیرکردنی ئافرەت، سیفەتێکی گشتی زۆربەی هەرە زۆری مەلا و زانا و بانگخوازانی ئیسلامی و دینییە! کوردستان بەداخەوە پڕاوپڕە لەو جۆرە مەلا وبانگخوازانەی کە دژی هەموو مافێکی ئافرەتن، نمونە زۆرن وەک مەلا مەزهەر و شارستێنی و مەلا سەمەد و سوسەیی ودەیانیتر، ڕەنگە لە دۆسێیەکی تایبەت دەریکەم.

بە گوێرەی عەبدلواحیدەوە من لە دەیان ڤیدیۆدا سوکایەتیکردنی ئەو دکتۆر عەبدلواحیدەم بینیوە و بەرگوێ کەوتووە دژی ئافرەت، بەڵام دڵنیام زۆر زۆرتری ماوە لە سوکایەتیەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت و تاقەتی هەبێت هەموو ڤیدیۆکانی ببینێ!

ئەو پیاوە هیچ شێواز و ئامرازیک نامێنێ بەکاری نەهێنێت بۆ سوکایەتی کردن بە ئافرەت، زۆرجاتریش لە حزووری ئافرەتانی بێ دەنگ و سەرسام و داگیرکراو! لە ڤیدیۆیەکدا پێیوایە ئافرەت تەنها بەلەبەرکردنی جل وبەرگێک سووک و سەلیم دەبیت!

ئەو پیاوە زۆر شانازی بە ژنانی سەردەمی کۆن دەبینێ، و خەون بە ژنانی سەردەمی [سێ جار بیست و دە] ی نەخوێندەوار دەبینێت، کە لە شەرمی پیاو نەوێرن ئاویش بە ئاشکرا بخۆنەوە! چونکە لای ئەو دکتۆرە بلێمەتە، لە بنەڕەتدا ئافرەت بۆ ئەوە نەکراوە پێ بنێتە دەرەوە، و دەڵێت تۆ بۆ دەرەوە

نەکراویت، یانی دەبێت هەمموو ژیانی لەناو قەبری ماڵە باوک و ماڵە مێرد بەسەر ببات!

ئەو ژنەی وانەبێت ئەوە جاهیلە، زاراوەی جاهیل ئیسلامیەکان بۆ هەمموو موسڵمانێکی غەیری ئیسلامی بەکاری دەهێنن لە نێوان خۆیاندا، کە بەرامبەری زاراوەی موسڵمانە، دەڵێن فلان موسڵمانە؟ دەڵێت: نا جاهیلە! یان بەڵێ موسڵمانە! بۆ کچ و ژنی سفوریش بەکاری دەهێنن، هەر ئافرەتێک بەس سەرپۆشی نەبوو ئەوە جاهیلە لە تێڕوانینی ئەو عەقڵیەتە بەدەویەی عەرەبی، ئینجا با مەدام کۆری یش بیت!

ئەو دکتۆرە بلیمەتە لە ڕووی دەروونیە لەوە دەچێت هێشتا ئارەزووی ئافرەت هێنانی نەشکا بێت، سەرەڕای ئەوەی سێ چوار ژنی هەیە علی اصح الروایات! دەڵێت دەچیە بازاڕ چاوت بە ئافرەتی سفور و جوان و وروژێنەر دەکەوێت: منیش ئافرەتێکم بەستۆتەوە لە ماڵەوە کە دەچمەوە گیانی هەمووی بۆنی چەوری و مەتبەخی لێ دێت؟!

ببینە چۆن دەڵێت منیش ئافرەتێکم بەستۆتەوە، وەک چۆن وشترێک یان بزنێک دەبەستیتەوە لە ماڵەوە! ئەو گوزارش لەو ڕێزە ساختەیە دەکات بۆ ئافرەت، کە ئیسلامیەکان شەو و ڕۆژ بەسەری دا هەڵدەڵێن! ببینە ئەو هاڤدژیەی؟! لەلایەک ئافرەت بۆ دەرەوە دروست نەکراوە، کە لە ماڵەوەش بوو، دەبێت تەنها خەریکی چێشت و خاوێنکردنەوە بێت، هێشتا سەرکۆنەی بکەیت

چونکە بۆنی مەتبەخی لێ دێت! باشە تۆ دەتەوێ لە ماڵەوە دانیشێت دکتۆرا بخوێنێت؟!

ئەوە تۆی ئەو ڕۆڵەت بۆ دیاری کردوە، و پێت ناخۆشە بێتە دەرەوە و بخوێنێت و چاوی بکرێتەوە، نەوەک لێت یاخی بێت بەپێی دەستوری کۆنی دێرینی باوکسالاری، کە هەردەم بە چاوی پڕ گومان و پارەنۆیدی دەڕواننە ڕەگەزی مێ!

سوکایەتی ئەو پیاوە بەڕادەیەک دەگات دەیەوێت گوایە نوکتەی خۆش بکات نازانیت چۆن هەزاران ئافرەت زامدار دەکات، و دەڵێت ئافرەتێک لە مامۆستایەک، مەبەستی مەلایەک دەپرسیت شەو دەخەوم عەیبم نییە، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستم دەموچاوم تەڕە! دیارە ئافرەت دەبیت پرسیاری پزیشکیش لە مەلا بکات؟! ئینجا لە وەڵامدا دەڵێت: بۆی مەگەڕێ ئەوە پیاوەکەتە کە لە ئینتەرنێت ئافرەتێکی جوان دەبینێت، و بەراوردی دەکات لەگەڵ تۆ، تفت لێ دەکات! ببینە نوکتەی وا سووکت گوێ لێبوە لە بانگخوازێکی بە حیساب دینی؟!

ئەو بلیمەتە لە جیاتی بڵێت پیاوان، بە کارەکتەرەکانی ئینتەرنیت فریو مەخۆن کە بە هەزار مکیاژ و نەشتەرگەری جوانکاری و فێڵی کامیرا وا دەردەکەون، و کەسایەتی واقیعی نین! کەچی بە پێچەوانەوە کێشەکە دەوروژێنێت زیاتر، چونکە هەر ژن لە واقیعدا جیایە لە ئینتەرنێت!

باشـە ئەو بلـیمەتە لە خـۆی ناپرسـێت، بێگومـان ناپرسـێت چـونکە لای ئەو ژن دەبێت شـەرم لە ئـاو خـواردنەوەش بکـات لە پـێش پیـاو! ئەگەر ئافرەتێـک ئەو هەموو پیاوە مۆدڵ و جوانانەی ئینتەرنێت بە ماسولکە و لەش ولاری وەرزشوان و قەد و بالای بەرز و چاوی شین و سەوز و جوان دەبینێت، ناکرێت هەر بـۆ نـوکتە بیر لەوە بکـاتەوە پیـاوەکەی لە پەنـجەرە فـڕێ داتە خـوارەوە؟! ئەوەی ژن وپیـاو دەبەسـتێتەوە زۆر لەوە گەورەتـرە وەک پیـاوی منـداڵ سـیفەت، کە ژنێکـی تـری کەمێک جوانترت دیـت حەز بکەیـت، وەک ئەو منـداڵە لەعـابەکەت بگـۆڕیتەوە! یان ئافرەت هەر ڕۆژەی بەدوای پیاوێک بکەوێت چونکە لە مێـردەکەی جـوانترە! ئەوەش تەنها بە خۆشەویستی و متمانەی دوو سەرە دروست دەبێـت، نەک بەو نوکتە بێ تام و پڕ لە سوکایەتیانە بە ئافرەت.

بەداخەوە زۆر لە ئیسـلامیەکان نمـونەیەکی زۆر خراپیـان پێشـکەش کـردوە لە بـواری ڕەفتـارکردن لەگەڵ ئـافرەت، وەک قەوارەیەکـی مرۆیـی ڕێـزدار و خـاوەن مـاف، بەڕاسـتی زۆر فەشـەلیان هێنـاوە لە ڕاگرتنـی ڕێـز و قەدر و هەسـتی ئادەمیانەی ئافرەت، ڕێزی ئەو ئیسلامیانە بۆ ئافرەت وەک ڕێز و حـورمەتی ئەو مەلاییە کە پاش ئەوەی جوێن بارانت دەکات، لە کۆتاییدا دەڵێت :لەگەڵ ڕێز و حورمەتما[4].

---

[4] سەرچاوە: https://www.youtube.com/watch?v=Uj26BCoO5Cg
سێ شەممە, 20 تشرینی یەکەم 2015 22:32

# عەبدولواحید و فرەژنی

عەبدولواحیدیش لەو قسانەی پێشووی دەردەکەوێت وەک هەر کەسایەتیەکی تری سەلەفی، هەمیشە کەلکەلەی فرەژنی هەیە، یانی پشتگیری دەکات لەو کەسانەی، هەر ژنیان کەمێک کاریگەری زەمەنی کەوتە سەر روخساری بیر لە هێنانی ژنێکی تر دەکەنەوە وەک بڵێیت سەیارە بگوڕن، جاروبار هێشتا هاوسەرەکەی پازدە بیست ساڵێکیش لە خۆی بچوکترە ژنیتری بەسەر دەهێنێ!!

بە تایبەتی لە نێوەندی ئیسلامی ئەوەی کەمێک خەڵک پیی سەرسام دەبن، ودووسێ خوتبەی حەماسی ویەک دوو شەڕی دۆنکیشۆتی دەکەن، یەکسەر دەکەونە چاوگێڕان بۆ مثنی وثلاث ورباع! زۆر سەیرم پێهات کە لە کۆمێنتێکدا بەڕێزێک لەسەر د. عەبدلواحیدی بانگخواز نوسیبووی: "کەس وەک من ئەم دکتۆرەو براکەی د.خالید کە ئەویش هەمان بانگخوازی ئیسلامیە نا ناسێت. ئەمانە هێندە جاهیلن، کێبرکییانە لە گەڵ یەکتریدا کامیان زۆرترین ژن بهێنێت، ئەم دکتۆرە ئیسلامیە، ئێستا ٤ ژنی هەیەو براکەشی کردویەتی بە ٢ دوانو هەڕەشەی ئەوە دەکات کە پێش کاکی واتا عەبدولواحید بکەوێت."

من نازانم ئەو زانیارییە تا چ ڕادەیەک ڕاستە، بەلاّم دەزانم عەبدلواحید چەند ژنێکی هەیە!

بەڕاستی لەوە ئاسانتر نیە بۆ عەبدولواحید یان هەر کەسێکی سەرقاڵی دین و دینداری و وەعز، کە کەمێک ناوبانگی دەرکرد لە ناو ئەو جەماوەرە دینیە سادەیە، دوو و سێ وچوار ژن بهێنێت، نەک ئەوە زۆرجاران پاش دەماغشۆری ژنەکانی تری خۆیان بۆی دەچنە داخوازی ژنی دوەم وسییەم وچوارەم!!

لەوەش ئاسانتر نیە ژنێکی بەستەزمانی نیمچە خوێندەواری سەرسامبوو پێت دەماغشۆر کەیت، بەڵام ئەوە هونەر نیە، هونەر ئەوەیە ئەو ژنە هاندەیت لە ڕووی دەرونی وکەسایەتیەوە ئیرتیقا کات وبەرزبێتەوە، نەک نزمی کەیتەوە بۆ ئاستی بوونە پاسەوانی ئارەزووەکانت بە زەبری هەڕەشەی ئایەت وحەدیسەکان !!

هونەر ئەوەیە وەک چۆن ژنت بەتۆ ڕازیە وبیر لە کەسێکی جوانتر وگەنجتر ناکاتەوە، تۆش بە هەمان شێوە احترامی هەست ووەفای ئەو بگریت، بیر لە کچێکی جوانتر وبچوکتر نەکەیتەوە تا ئەو هیچ نەنگیەکی نەبێت وبێ کەم وکورتی بێت. کە دەڵێم کەموکورتی ئەوەیە بۆ نمونە منداڵی نەبێت، ئەگەر پێتکرا لەو حاڵەتەش بە شیوەیەکی پڕ وەفا وتقدیر رەفتاری لەگەڵ بکەیت، یان تووشی نەخۆشیەکی وا بوو هیچ ئەرکێکی مرۆیی پێ جێبەجێ نەکرا، ئەگەر نەخۆشیەکەی چاوەڕوانی مردنێکی نزیک خایەنی لێدەکرا، نابێت لە ژیانی ئەودا بەبەرچاوی ئەو ژنێکی تر بهێنیت وتانەیەکی کوشندەی لێدەیت بەرلە چونە ناو قەبرەوە. ئەگەر نەخۆشیەکەش درێژ خایەن بوو دەتوانی پاش تەمهیدێکی جوان وپڕ سۆز ئەو بابەتەی لا بوروژێنیت.

عەبدولواحید بە گاڵتەوە باسی ئەو پیاوە دەکات کە لە کاتی خەودا ژنەکەی تف باران دەکات، چونکە وەک ژنەکانی ئینتەرنێت جوان نییە! ئەو وتارە و بیرکردنەوەیە خۆی لە خۆیدا هاندانە بۆ پیاوان کە تا بۆیان بکرێ فرەژنی بکەن، بۆیە نێوەندی ئیسلامی لە هەموو نێوەندەکانیتر فرەژنی زیاتری تێدایە!

من کە ژیانی فرەژنی پێغەمەبران دەخوێنمەوە ولەنێو ئەوانەش پێغەمبەری ئیسلام دەبینم بەردەوام خەریکی چارەسەرکردنی کێشەکانی هەوێیەکان بوو، بەڕاستی سەیریشم بەوە دێت چۆن دەعوەی ئیسلامی ناجیح بوو سەرەڕای ئەو هەموو ژنەی پێغەمبەر!! چۆن ئەو کێشانەی غیرە ولەیەکتر خوێندن ومونافەسەیە سێ چارەگی کاتی نەکوشت، ئەوە حاڵی پێغەمبەر بوو بەو هەموو تایبەتمەندیە کەسایەتیەی کە هەیبوو وەک پێغەمبەر ومرۆڤ، ئەی دەبێت حاڵی ئەو بانگخواز وڕۆشنیرە ئیسلامیانە چۆن بێت بە دەستی کێشەکانی فرە ژنییەوە.

ئینجا ئەگەر فرەژنی بۆ کات وژینگەی مێژوویی خۆی ئاسایی بوو، ئەوە بێگومان بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئیقاعی ئەو سەردەمە ناگونجێت، زۆرجار ئەو حاڵەتەی فرەژنیە دەبێتە هۆی بچوککردنەوەی ئافرەتەکان، ولەجیاتی خەریک کردنیان بە بایەخە بەرزەکان وئامانجە گەورەکان، هەرخەریکی داونانەوە دەبن بۆ یەکتر، وپلان دانان دەبێتە کاری ڕۆژانەیان ودەیان دەسیسە وئاین وئۆنی تر.

فرەژنی هەر نابێتە هۆی بچوک کردنەوەی ژنەکان، بەڵکو دەبێتە هۆی بچوک کردنەوەی پیاوەکانیش، کە هێڕ وگێژ دەبێت بە دەست ئەو زنجیرە پیلان وداونانەوە وبوهتان هەڵبەستن بۆ یەکتر وتا کۆتایی ئاین وئۆینەکان!! پێشان هەر نیمچە خێڵەکی وفول عەشایەریەکان خەریکی ئەو بەزمەی فرەژنیە بوون، ولە هەشتاکان ببوە بەزمی سەرەک جاش وموستەشارەکان، ئەمڕۆ بە داخەوە فرەژنی بۆتە بەزمی مەسولە گەندەڵەکان وئیسلامیە نیمچە بوژاوەکان لە گەندەڵیدا، بەڵکو رۆشنبیرەکانش تێی ئالاْون، کاتێ بە قسە بریقەدارەکانیان کچانی هەرزەکار وبێ ئەزموون دەخەنە داویان.

# مەلا وبانگخوازانی کورد و بچووک کردنەوەی ئافرەتی کورد

سەرەڕای ئەوەی کورد هەمیشە بە کراوەترین کۆمەڵگای ئیسلامی لە قەڵەم دراون، بە جۆرێک مامەڵەی پیاوانی کورد بۆ ئافرەتەکانیان وەک بەڵگەیەک لە دۆکیومەنتەکانی چاودێر و توێژەر و ڕۆژهەڵاتناسان تۆمار کراوە. بەڵام مەلا و بانگخوازی دینی کورد لەو هەقیقەتە تێناگەن، تێشی بگەن بە هەموو شێوەیەک هەوڵی گۆڕانی دەدەن!

بەلگەی بێگانەکان لەسەر کرانەوەی ئافرەتی کورد زۆرن، بەڵام بە شایەدی گەورەترین مەوسوعی و ڕۆشنبیری کورد لە سەدەی هەژدەم، مەلا مەحمودی بایەزیدی [١٧٩٧ - ١٨٦٧ ] دەست پێ بکەین بزانە چۆن ئافرەتی کورد بەر لە ٢٠٠ساڵ هەڵدەسەنگێنێ: " ئافرەتی کورد لە پیاوان خۆی ناشارێتەوە, ژانای کورد ئازادن وەک ژنانی گەلانی فەرەنجیین [واتە ئەورووپیەکان]، چونکە پیاوان قەت بیر لەوە ناکەنەوە ژنانی کورد خیانەتیان لێ بکەن...!" ل ٤٨

" کورد قەت زەنی خراپ بە ژنانیان نابەن، بەڵکو دەیانبینن کە لەگەڵ خەڵکی نەناسیاویش قسە دەکەن کە زۆریش جوان و شۆخ وشەنگن، بێ ئەوەی

کەسوکاری ژنەکان زەنی خراپیان پێ ببەن، بەڵام کە خراپەکیان دیت و دڵنیا بوون لێی، ژنەکە و پیاوەکە پێکەوە دەکوژن بەبێ دڵ لە دڵ دان" ل ٥٦[5]

یانی کۆمەڵگای پێشووی کورد زیاتر ئازادی بە ژنان دابوو، وەک مەلا مەحمودی بایەزیدی بە شانازیەوە ژنانی کوردی وەک ژنانی ئەوروپا وێنا کردوە لە ڕووی ئازادیەوە، هەتا لە حالەتی هەڵەش ڕوویدابا ژن و پیاو سزا دەدران، نەک وەک ئێستا زۆربەی جار تەنها ئافرەت سزا دەدرێت.

ڕۆژهەلاتناس و گەڕیدەیەکی ئیتالی، پیترۆ دیلا ڤالی Pietro Della Valle **[١٥٨٦-١٦٥٢] لە ساڵی ١٦١٤ باسی ڕۆڵی ئافرەتی کورد دەکات لە کۆمەڵی کوردەواری ودەڵێت: " بە پێچەوانەی ژنانی موسڵمانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست، ژنانی کورد بە ئازادی بە ڕێگادا هاتوچۆ دەکەن، بە ڕوخسارێکی دانەپۆشراوەوە، زۆر بە ئاسایی لەگەڵ پیاوانی شارەکە و بێگانەکان قسە دەکەن وەک پیاوانی کەسوکاری خۆیان! ئینجا پیترۆ دەڵێ خۆی چووە میوانداری ماڵی کوردێک ژنەکە بە تەنیا لە ماڵەوەش بوو پێشوازی لێکرد، دەڵێت ناتوانم وەسفی لوتف و میواندۆستی و ڕووخۆشی ئەو ژنە بکەم لە پێشوازیمدا، کە مێردەکەشی لەماڵەوە نەبوو"**[6]

---

[5] - شهادات ملا محمود بايزيدي مأخوذة من كتاب، وسنشير فقط الى رقم الصفحة: محمود بايزيدي، رسالة في عادات الاكراد و تقاليدهم، ط١ ٢٠١٠ ، هيئة ابوظبي للثقافة و التراث، ترجمها ووضع هوامشها: جان دوست، راجعها كاميران حوج.

[6] - الكرد و كردستان في مؤلّفات إيطاليّة في القرون (13- 19م)
(مسرد) * ميريلا غاليتي، تعريب و تعليق و إيضاحات: د. يوسف حبّي، إعداد: جلال زنگابادي
منشور في ٢٠١٤/٣/٦ على موقع مدارات كرد:

**مێجەرسۆنیش دەڵێ: ژنانی کورد لە گوند و لادێکان، پێشوازیان لێدەکردم بە ڕویکی خۆش قسەیان لەگەڵ دەکردم، مێردیشیان لەماڵەوە نەبوون، بەبێ ئەو شەرم و حشمەت و لاوازییە دەسکردەی ژنانی تورک و و فارسەکان، بەڵکو جاروبار نانیشیان لەگەڵم دەخوارد..."**

**بۆیە مینۆرسکی دەڵێت: "کورد کراوەترین گەلی نێو گەلانی ئیسلامین لە ڕووی هەڵویستیان لە ئافرەت!"[7] ل ١٧٣**

**ئەو میراتە ڕەفتاری و ڕەوشتی و نەریتیەی کورد، شوێن پەنجەی خۆی لەسەر پیاوانی بیرمەندی کوردی بەجێ هێشتوە، هەتا لەسەر زۆر مەلا و شاعیری ناوداری کوردیش وەک مەلای کۆیێ و موفتی پێنجوینی، کە هەڵوێستی زۆر بەرزیان هەبوو دەربارەی ئافرەت.**

**هەتا ئەو کاریگەریە کوردیە پەڕیوەتەوە بۆ ئەو پیاوانەی کە لە بنەڕەتدا کورد بوون، وەک ڕابەری مافی ئافرەت لەناو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی هەڵکەوتن، وەک جمیل صدقی زەهاوی [١٨٦٣-١٩٣٦] کە لە خێزانێکی کوردی لە دایک بووە،**

---

http://www.medaratkurd.com/%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%B1%D8%AF-%D9%88-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%81%D9%8A-%D9%85%D8%A4%D9%84%D9%91%D9%81%D8%A7%D8%AA-%D8%A5%D9%8A%D8%B7%D8%A7%D9%84%D9%8A%D9%91%D8%A9-/%D9%81%D9%8A

[7] - :باسيلي نيكيتين،الكرد دراسة سوسيولوجية وتاريخية، ترجمة/تحقيق:الدكتور نوري طالباني، الطبعة:الثالثة 2007 السليمانية،
الناشر:منشورات مكتب الفكر والتوعية في الأتحاد الوطني الكردستاني

و یەکەم کەس بوو بانگی ئازادی و ڕزگاربوونی ئافرەتی دا لە عێڕاق، کە تەها حوسێن، عەمیدی ئەدەبی عەرەبی دەربارەی دەڵێت: " زەهاوی شاعیری هەموو عەرەبە، شاعیری عەقڵ و ابو علاء المعري ئەو سەردەمە بوو"

یان معروف الرصافي [١٨٧٥-١٩٤٥] کە کورد بوو و یەکێکە لە پێشەنگەکانی ڕیفۆرمی ئایینی و ڕزگاری ئافرەت لە ناو جیهانی عەرەبی، دەیەها شیعری هەیە کە ڕەخنە لە مامەڵەی گەلانی ئیسلامی دەگرێت لەگەڵ ئافرەت.

لە هەموویان ناودارتر قاسم ئەمین، کە ناسراوە بە باوکی ڕزگاری ئافرەتان، کە هەموو سەرچاوەکان دەڵێن کورد بوو، هەتا جورجی زێدان یش بە کوردی دەزانێ لە کتێبی بناة النهضة العربية..

کەچی مەلا و بانگوو-خوازانی ئیسلامی سیاسی کوردی بە جەستە و عروبی وبێگانە بە ناخ ومێشک، لە جیاتی پەرە بدەن بەو سیفاتە جوان و بەرزانە ژنانی کورد، تا پێیان بکرێت ژنی کورد دەشکێنن و هەوڵی سووککردن و بچووکردنەوەیان دەدەن.

لەو دۆسێیە باسی چەند نمونەیەک لەو سوکایەتیانەی عەبدلواحید دەکەین بە ئافرەت:

# دکتۆر عەبدولواحید و عەقڵی ژن!

مەلا شارستێنیمان بە ١٠ ڕێگا ئافرەتی نا موحەجەبەی کافر وبێ ڕەوشت و مونافیق و مەلعون کرد لە زنجیرە وتارێکی، ئەوە لە کاتێکدا سەرپۆش هیچ شەرعیەتێکی دینی پتەوی نییە، تەنها سەردەمانێک بۆ جیاکردنەوەی ژنانی ئازاد و ژنانی کۆیلەی بەدبەخت دایان هێنا بوو!

مەلا مەزهەریش تەنها ژنی ساویلکە وگیلۆکەی خۆش دەوێت، لەوانەی کە تەلەفۆنی بۆ دەکەن داوای نەسیب هەستان و مێردی لێدەکەن، یان ژنێک پێی دەڵێ ئەو ژنانە لۆ دژی ئەوەن پیاو ژنی دووەم بهێنیتەوە! من خۆم ڕێی مێردەکەم داوە بیهێنێت، بەڵام خۆی توانای نییە! بە ژنە وریاکانی کوردیش دەڵێ بێ ڕەوشت و داینەسۆر و ئاغا!

عەبدولواحیدیش دەیەوێ لە وتارێکی دوور ودرێژ لە حزووری ئافرەتانیش بیسەلمێنێت کە ژنان چەند ئاستی عەقڵیان نزمە لە بەراورد لەگەڵ پیاواندا، وەرگرتنی ئافرەتێکی کەم بۆ خەلاتی نۆبل دەکاتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەو کەم عەقڵییەی ئافرەت!

ئەو بانگخوازەش ئەگەر سووکایەتیەکانی و بچووککردنەوەکانی بۆ ئافرەتی کورد بژمێرین بەشی کتێبێک دەکات!

ئەویش خەون بە ژنانی سەردەمی نەزانی و نەخوێندەوار دەبینێت، کە لە شەرمی پیاو نەوێرن ئاویش بە ئاشکرا بخۆنەوە! ئەویش وەک مەلا مەزهەر بە ژن دەڵێت ئاغا ئەگەر مافێکی هەبێت! لای ئەو دکتۆرە بلیمەتە، لە بنەڕەتدا ئافرەت بۆ ئەوە نەکراوە پێ بنیتە دەرەوە، و دەڵێت تۆ بۆ دەرەوە نەکراویت، یانی دەبێت هەموو ژیانی لەناو قەبری ماڵە باوک و ماڵە مێرد بەسەر ببات!

عەبدولواحید لە دەرسەکانی دەیان نموونەی باڵادەستی پیاو و بێ دەسەڵاتی ژنان دەهێنێتەوە، بەدیار دەیان وسەدان موحەجەبەی فریودراوی نا ڕۆشنبیر کە نازانن چۆن وەڵامیشی دەنەوە!

لە ڤیدیۆیەکی بەو دواییە بەرچاوم کەوت لە باسێکدا باسی خەڵاتی نۆبل دەکات کە چۆن لە کیمیا و فیزیا و ماتماتیک سەدان پیاو وەریان گرتوە، هەرجارەی ژنێک و دووان وەریان گرتوە لە هەر بەشێک!

دەڵێ لە پزیشکیدا [طب ] ١٩١ پیاو خەڵاتی نۆبلی وەرگرتوە بەرامبەر ١٠ ئافرەت

لە فیزیادا ١٩٢ پیاو ، تەنها ٢ ئافرەت وەریگرتوە!

لە کیمیا ١٥٩ پیاو و تەنها ٤ ئافرەت وەریگرتوە!

لە ئابووری ٧٠ پیاو و تەنها ١ ئافرەت وەریگرتوە!

عەبدولواحید دەڵێت: دەزانن ئافرەتینە ئافرەت لە کوێ ئاغایە و زۆرترین ڕێژەی هەیە لە پەرلەمان؟ لە ڕواندا دواکەوتوترین وڵاتی ئەفریقیا، تۆ بەس لە ئەفریقیا پێشکەوتووی؟!

تۆ بڕوانە ئەو بچووککردنەوە و سووک کردنەی ئافرەت بەس ماوە بڵێ لە ئێوە دەبەنگتر وگەمژەتر نییە خوشکانی موسڵمان! تۆ ببینە چۆن متمانەیان بە

خۆیان ناهێڵێت تا تەنها ببنە خزمەتکارێکی دەبەنگی بێ مێشک وگیان، دەشڵێن ئیسلام هەموو مافەکانی ئافرەتی داوە؟!

پرسیارێک بۆ عەبدولواحید لە جیاتی ئافرەتانەوە: ئایە دەزانی لە کۆی سەدان جائزەی نۆبل چەند مەسیحی و جوو وەریان گرتوە؟! ئەی دەزانی چەند موسڵمان وەریان گرتووە؟!

تەنها ١٢ موسڵمان وەریگرتووە، ٨ دانەیان لە سیاسەت نۆبلی ئاشتی یان وەرگرتوە وەک سەرۆکی میسر سادات و عەرەفات، شیرین عەبادی چالاکوانی مافی مرۆڤ، توکل کرمان ی ژنە یەمەنی، بەرادعی چونکە سەدامی چەک کرد، محمد یونسی بەنگلادیشی بۆ یارمەتیدانی هەژاران! مەلالا یوسف لەبەر خەباتی دژی تیرۆرستانی تاڵەبان! چوار ڕێکخراوی تونسیش لەبەر ڕۆڵیان لە ئاشتی نانەوەی تونس!

نەجیب مەحفوز و ئۆرهان بامۆک یش لە ئەدەب ئەوە ١٠ مان فت هیچ عیلاقەیان بە زانست و طب و فیزیا وکیمیا نییە!

یانی دەمێنێتەوە سێ موسڵمان:

محمد عبدالسلام ی پاکسیانی لە فیزیا وەریگرتوە لە ١٩٧٩ بە بەژداری لەگەڵ دوو زانای تری مەسیحی! ئەو پیاوە هەموو ژیانی لە بەریتانیا بووە جنسیەیشی بەریتانی بوو، نازانم چۆن حسێب دەکرێ لەسەر پاکستان؟!

دووەکەی تر لە کیمیا وەریانگرتوە کە احمد زویل ی میسری ١٩٩٩، عەزیز سانجار ی تورکی ٢٠١٥!

ئەوانیتر هەمووی بۆ جوو و مەسیحیەکان ڕۆیشتوە، یانی پیاوانی جیهانی ئیسلام بە خەڵاتەکانی نۆبلی ئاشتی و ئەدەبیشەوە ١٪ خەڵاتی نۆبلیان بردۆتەوە کە لەناو ئەو ڕێژەیە کەمەش ٢٪ لە زانست وەرگیراوە، کەوابوو پیاوانی موسڵمان وئیسلامی دەبەنگترین پیاوانی سەر زەویین!

مەسەلەکە هەل ومەرج و ژینگەی زانستی و بایەخەکانی ئافرەت وپیاوە، بۆ نموونە ماری کۆری تەنها ژنێکە لە جیهان کە دوو خەڵاتی نۆبلی وەرگرتوە لە فیزیا ساڵی ١٩٠٣ و لە کیمیا ساڵی ١٩١١! هیچ پیاوێک وەک ئەو ژنەی پێ نەکراوە دوو خەلاتی دوو بەشی جیای زانست بە تەنها بباتەوە!
ئینجا ئەو خەڵاتە سەد ساڵ زیاترە دانراوە، ژنانی ئەوروپاش بەر لە پەنجا ساڵیش شتێکی وایان جیاواز نەبوو لەگەڵ ژنانی چەوساوەی جیهانی دواکەوتووی ئێمە![8]

8 - ٢٠١٨/٦/١٠
لینکی ڤیدیۆکەی عەبدولواحیدی بانگخواز: https://wuttowatch.com/video/qdxaawHf3kb

# بەشی سێیەم

# دکتۆر عەبدلواحید و لۆژیکی زانستی

# دکتۆر عەبدلواحید و
# جینات وکرۆمۆسۆماتی شەیتان!

گوێت لە هەر شتێکی سەیر ونامۆ بوو لەلای ئەو بە ناو دکتۆرە، بابەتەکەی ببە بەردەم حەزرەتی گوگڵ، بۆت دەردەکەوێت، ئەو بانگخوازە ناو پان وبەرینە، بابەتەکانی لە سایتە تافیهەکانی سعودیە وخەلیج وەردەگرێت.. ئەو حەدیسەی نقورچ لێدانە بنوسە سەدان بابەتی نا زانستی دینییت بەرچاو دەکەوێت لەو سایتە تافیهانەی سعودیە وعەرەبی بە گشتی. دوایی ئەگەر عەبدلواحید دەڵێت ئینگلیزیەکی باش دەزانیت با لە گوگڵ بنوسێت: why cry when born babies بزانە چۆن دەیەها وەڵامی دەست دەکەوێت بۆ ئەو پرسیارەی کە بەزۆر دەیەوێت بیکاتە موعجیزە: بۆ مناڵ پاش لە دایک بوون دەگرییێت؟!

ئەگەر مەلایەکی لادێیەکی دوورە دەست و نەشارەزا لە زانستی نوێ دانیشێت بۆ خەڵکە سادەکەی لادێکە تەفسیری گریانی منداڵی تازە لە دایک بوو بکات بە نقورچ لێدانی شەیتان، بەپێی حەدیسەکەی ئەبو هریرە، کێشەیەک نابێت، بەڵام کارەسات و مەهزەلە ئەوەیە گوێت لە دکتۆرێک پزیشکێک بیت، دانیشتوە بەوپەڕی ساویلکەییەوە حەدیسێکی مەرفوعی ابو هریرە دەخوێنێتەوە بۆ ئەو [جەمعە کەریمە] و دەڵێت هەر منداڵێک کە لە دایک بوو بۆیە دەگری، چونکە شەیتان نقورچێکی لێ دەگرێت! عن أبي هريرة مرفوعا: ما من بني آدم

مولود إلا يمسه الشيطان حين يولد فيستهل صارخا من مس الشيطان غير مريم وابنها . ثم يقول أبو هريرة : وإني أعيذها بک وذريتها من الشيطان الرجيم. متفق عليه.

ئەبو هورەیرە بە خستنە پاڵی پێغەمبەر گوایە فەرمویەتی : "هیچ بەنیادەمێک لە دایک نابێت ئەگەر شەیتان دەستی لێ نەوەشێنێت یان نقورچێکی لی نەگرێت لە کاتی لە دایکبوون دا، تەنها حەزرەتی مەریەم وکوڕەکەی [حەزرەتی عیسا] نەبێت!"

حەدیسی مەرفوع: هەموو ئەو شتانەیە کە دەدرێتە پاڵ پێغەمبەر لە قسە و کردار و بڕیار لەسەردان.

بڕوانە مرۆڤ کە زۆرەبڵێی کرد هەڵەی چەند کوشندە دەکات، سەیرم بەو جەمعە کەریمە دێت وا بەبێ سەر گوێیان لێی ڕاگرتوە! ئەوەی کە بەسەر ئەو بەناو دکتۆرە ڕەت بووە ئەوەیە کە ئەو حەدیسە گریمان ڕاستیش بێت، بەڵام حوکمێکی گشتی تێدایە بۆ هەموو مرۆڤێک کە لە دایک دەبێت شەیتان نقورچەکەی لێدەدا، تەنها حەزرەتی مەریەم وکوڕەکەی [حەزرەتی عیسا] نەبێت!

هەر لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە شانامەیەک هەڵدەچنێت، دکتۆری ریوایات کاک عەبدلواحید لەو ڤیدیۆیەی هاوپێچدا دەڵێت: "هەموو طبي دنيا کۆبێتەوە ناتوانێت جوابی ئەو پرسیارەمان بداتەوە کە منداڵ بۆ کاتی لە دایک دەبیت دەگری! تەنها پێغەمبەر [د.خ] وەڵامی داوەتەوە کە ئەوە شەیتانە چرنوک لە منالەکە ئەگرێ ودەڵێت ئەوە ڤایرۆسەکەی من؟! وشەیتان دەچێتە لای دایکی لەکاتی سێکس بۆ ئەوەی بەشێک لە جیناتی وکرۆمۆسۆماتی خۆی

تێکەڵ بە جینات وکرۆمۆسۆماتی منالەکە بکات، تا وەکو خۆی شەیتان دەرچیت، دوایی منالەکە کە شەیتان وعەجول دەبیت، باوکی دەڵێ هەتیو لاجۆ بە قوورئان تۆ لە من ناچیت! [بە زمانێکی گاڵتەجاری، پێکەنینی ساویلکەکان! هەهەهەهە] راست دەکات کاتێ چوەتە لای دایکی منالەکە، دەستنوێژی نەبوە ونعود باللە ی نەکردوە، شەیتانەکە سبحان الله جینەکەی تێکەڵ دەکات! "

نازانم دکتۆری ڕیوایات چۆنی زانی شەیتان جینات و کرۆمۆسۆمی هەیە، بەپێی کام دەق وڕیوایات؟!

یانی بەو قسەیە بێت منالی حەروک وسەربزێو هەمووی جیناتی شەیتانیان تێدایە؟! ئەی زانست چ دەڵێت دەربارەی جووڵەی زۆری منداڵ؟ دەڵێت منداڵ وزەیەکی زۆری تێدایە پێویستی بە خالی کردنەوەی هەیە، ومندالی زۆر بێ جوڵە گومانی لێدەکریت تەندروست بێت! دەیباشە من منالی عەجول و شەیتانی خێزانی دیندار وئیسلامی وام دیتوە، باوک ودایکیان هەموو اذکاری صباح و مساء [دوعای شە و ڕۆژ] یان لەبەرە و ناچنە ئاودەستیش بەبێ دوعا، بێگومان لە کاتی جووت بوونیشیان ئەو دوعایەی پێش سەرجێیان خوێندوە، دەیباشە بۆ منداڵەکانیان وا جینات وکرۆمۆسۆماتی شەیتانیان تێخزاوە؟!

بە پێچەوانەوەش مندالی خێزانی ئینگلیزیم دیوە هێمن و لەسەرخۆ کە دڵنیاشم دایک وباوکیان سەر بە فەرزێکی کەنیسەش داناگرن و بسمیلایان لێ نەکردوە؟!

توخواکەی شورەیی نییە لە سەدەی بیست ویەکەمین ئەوە لۆژیکی زانستی دکتۆرێک بێت، و باسی نقورچی شەیتان بکەین لەسەر بنچینەی حەدیسێکی

ابو هريره كە لەوانەیە لە كعب الاحباری هاوڕێی گوێی لێبوو بێت، یان هاوڕێیەکی مەسیحی وەک تمیم الداری، چونکە لە کۆتایی حەدیسەکە دەڵێت: " تەنها حەزرەتی مەریەم وکوڕەکەی [حەزرەتی عیسا] نەبێت" کە نقورچی شەیتانی پێ ناکەوێت، یانی بە هەموو پێغەمبەرەکانی تریش کەوتوونەتە بەر ئەو نقورچە شەیتان؟!

ئەوە نوێترین کەشف و فەتحی زانستیە دکتۆری مەزن عەبدلواحید دەیکات لەسەر بنچینەی حەدیسێکی مەرفوعی ابو هريرة!

بە نسبەت ئەوەی دەڵێت: هەموو طبي دنيا کۆبێتەوە ناتوانێت جوابی ئەو پرسیارەمان بداتەوە کە منداڵ بۆ کاتی لە دایک دەبیت دەگری! تۆ واز لە سایتی عەرەبی و سعودی دینی بهێنە ئەگەر وا خۆت پێ ئینگلیزی زانێکی گەورەیە برۆ بەدوای ئەو بابەتە بگەڕێ لە گوگڵ، بزانە دەیان وەڵامت دەست دەکەوێت یان نا؟!

من بە سەعاتێک لە چوونە خزمەت حەزرەتی گوگڵ دەیان بابەتی زانستی و وەڵامی زانستیم دیت بۆ ئەو پرسیارەی کە تۆ بەو خەڵکە داماوە گوێ لە مستەی دەڵێیت: هەموو طبي دنيا کۆبێتەوە ناتوانێت جوابی ئەو پرسیارەمان بداتەوە کە منداڵ بۆ کاتی لە دایک دەبیت دەگری! من نامەوێ بچمە وردەکاری ئەو باسە زانستیە، چونکە ئەوە کاری دکتۆرانە، بەڵام دکتۆری زانستی وبابەتی نەک دکتۆری ڕیوایات و جینات وکرۆمۆسۆماتی شەیتان! هۆی گریانی ئەوانەن:

- جیابوونەوەی منداڵ لە وێڵاشی دایکی هەستی بە ئەمان نامێنێت.
- توش بوون بە برین و داڕووشان لە جەستەی ناسکی کۆرپەلە لە کاتی لە دایکیبووندا.

- سیەکانی و سەم و لووتی پڕن لە شلەی ناو ڕەحم و قورسی هەناسەدانی تا پاک دەبیتەوە!
- ئەی ئەو مناڵە لەناو ڕەحمێکی بچوکەوە، لەناو یەک کیسەی شلەوە، لەناو پلەیەکی گەرمایی جێگیرەوە، لە تاریکایی ناو ڕەحمەوە لە ناکاوێکدا دێتە دەرەوە بۆ ناو بۆشایی هەوا، وپلەی گەرمایی جیاواز، و دنیایەکی فراوان و ڕووناک، ئەگەر نەگرییێت دەتەوێ کاردانەوەی چی بێت؟! دوعای هاتنە دەرەوە لە زگی دایکی بخوێنێت؟!

# عەبدلواحید
# ڤایرۆسی کرۆنا و موسڵمانانی ئیگۆر!

دکتۆر عەبدلواحید هێندە غەیبیانە دەچێتە ناو بابەتەکان، تا ڕادەی ئەوەی جیاوازی ناکات لە نێوان بابەتی غەیبی عەقیدی و بابەتی زانستی. پاش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کرۆنای ڤیرژنی نوێ لە چین، وەک هەمیشە ئیسلامیەکان لە سایت و میدیاکانیان پێخۆشبونێکی زۆر نیشان دەدەن گوایە ئەوە سزای خوایە لە دژی چینییەکان کە برا موسڵمانە تورکە ئیگۆریەکان دەچەوسێننەوە!

لە دوو پۆستی فەیسبوکدا د. عەبدلواحید پێخۆشبونی خۆی نیشان دەدات کە ئەو پەتایە مەترسیدارە لە چین بلاوبۆتەوە! لە پۆستێکیان دەڵێت:

**"﴿ وَلَا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلًا عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ ۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الْأَبْصَارُ﴾**

**إبراهيم** (42) Ibrahim

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم) واگومان مەبە کە خوا بێ ئاگایە لەو کاروکردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن، بەڕاستی خوا سزاکەیان دوا دەخات بۆ ڕۆژێک کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لە دنیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت)."

وەک دەیبینن ئایەتەکە دەڵێ ڕۆژی قیامەت سزای ستەمکاران دەدەین، عەبدلواحید لەسەر ئایەتەکەی زیاد کردوە و لەناو دوو کەوانە نووسیەتی: (جاری وایش هەیە هەر لە دنیادا ستەمکاران ڕیسوا دەکات و تۆڵەیان لێدەسێنێت)!

لە پۆستی دووەم دەڵێ:: **"وڵاتی چین لەماوەی "60" ساڵی ڕابردوودا موسڵمانانی هەرێمی ئیغوری دووچاری بێ بەزەیی ترین و دڕندەترین شیوازی ئەشکەنجە و زیندان و کوشتن و لەناوبردن کردۆتەوە، بەڵام لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوودا ڤایرۆسێک بەناوی ڤایرۆسی کۆرۆنـا تەنگی بەم وڵاتە هەڵچنیوە نزیکەی "43" ملیۆن کەس لە دانیشتووانی ئەو وڵاتەی ناچار کردووە لەماڵەکانیاندا بمێننەوە"**

**یانی هۆکارەکەی بلاّوبوونەوەی ڤایرۆسەکە چەوساندنەوەی موسڵمانانی ئیگۆرە! کەچی هەر خۆی دوایی دەڵێت: خواردنی گۆشتی سەگ و ماری کوبرا سەرەکیترین هۆکارەکانی تووشبوونن بەو ڤایرۆسە"**

**یانی نەمانزانی هۆکارەکەی چەوساندنەوەی موسڵمانانی تورکە ئیگۆریەکانە یان خواردنی سەگ و مارە؟!**

**دوایێ ئایەتێک دەهێنێتەوە دەڵێت: ئێستا دەگەین بەڕاستی ئەو ئایەتە پیرۆزەی، کە شتە پیسەکانی حەرامکردووە ، خودای گەورەبەڵێنی داوە بە ستەمکاران، کە چارەنووسیان ڕیسوای و لە ناوچوونـە!**

**يَأۡمُرُهُم بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَىٰهُمۡ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيۡهِمُ ٱلۡخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنۡهُمۡ إِصۡرَهُمۡ وَٱلۡأَغۡلَٰلَ ٱلَّتِي كَانَتۡ عَلَيۡهِمۡۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُواْ ٱلنُّورَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ...**

نازانم خواردنی شتی پیس لە ڕوانگەی دینیەوە پەیوەندی چییە بە ستەمکاریەوە؟! گەلانێکی زۆر هەن لەبەر داب ونەریت و دین و هەزاری جۆرەها شت دەخۆن، ڕەنگە چینییەکانیش کە هەر لە کۆنەوە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر زۆرە، لەبەر کەمی سەرچاوەی خواردن پەنایان بردبێتە بەر خواردنی هەموو جۆرە ئاژەڵ و زیندەوەرێک، یان وەک بە نوکتە کوڕێکی چینی بەمنی گووت ئێمە هەموو شتێک دەخۆین گیانی تێدا بێت و بجوڵێتەوە!

دەشێ بۆ ئێمە قێزەون بێت، بەڵام هەرگیز بەو کارەیان نابنە ستەمکار وەک عەبدلواحید دەیەوێ تێمانگەیەنێ!

ئەو ڤایرۆسە بگاتە ناو ولاتە فەوزەوی وپاشاگەردانەکانی ئیسلامی و خۆرهەلاتی ناوەڕاست وئەفریقیا، لەبەر دواکەوتوویی ڕەنگە ببێتە هۆی لەناوبردنی ملیۆنەها، ڤایرۆس دینی نییە و نازانێ خۆی لە موسڵمانان لادا، ئەو تێگەیشتنە غەیبی و غەبییەی عەبدلواحید ڕەنگە زیانێکی زۆر بە موسڵمانان بگەینێ، و هیچ ئاگاداری خۆیان نەبن وابزانن خوا کرۆنای تەنها بۆ چینییەکان ناردووە!

ئەر دەسەڵاتی چینیش وەک عەبدلواحید دینیانە بیریان کردبایەوە، دەیانتوانی بەو ڤایرۆسە هەموو ئیگۆریەکان لەناو بەرن، بەهاناشیان نەچن، بەڵام دەزانن ڤایرۆسی نەفرەتی دین و ڕەگەزی نییە!

٢٠٢٠/١/٣٠

# ئینگلیزی زمانی بێ ئەخلاقیە و عەرەبی زمانی ئەخلاقە!

ژیـان لای ئەو دینـداره سـێ سـەرینیە یـانی بەس عیبـادەت و نـوێژ و ڕۆژو، و سەرجێیی تاکە موتعەیەکە لای ئەو، بۆیە هەر کـات بەسـەربردنێکی خـۆش لای ئەو دینـداره غەزەبـانە یـانی گونـاه و کـات بە فیـڕۆدان و غەزەبـی خـوایە! ئەو نەزانە نازانێـت پێغەمـبەر د.خ خـۆی حەزی بە یـاریکردن بـوو لەگەل حەزرەتـی عائیشە غاردانێی دەکرد! نـازانی خەڵـک هێنـدە حەزی لە چیـرۆک و بەسـەرهات بـوو لە سـەردەمی عـومەر و پـاش سـەردەمی ئەو هەزاران چیـرۆک خـوێن [القصاصون] چیرۆکیان بۆ خەڵک دەگێڕایەوە وخەڵکیش لە وەعزی مزگەوتەکـان گەرمتر پێشوازی لێ دەکردن. چونکە ناکرێت ژیان هەر بە مەوعیزەی دینیەوە پڕ بکرێتەوە [ان القلوب اذا كلت عميت] دڵەکان کە ماندوو بوون کوێر دەبن!

یانی تێلآی عومەر بـۆ مـاوەیەکیش خەڵکـی بـێ بەش کردبێـت لەو خۆشـیە، لە پـاش عـومەر یـان هەر لە ژیـانی خۆشـی بە دزیەوە، نەیتوانیـوە خەڵـک قەدەغە بکات لێی.

ژیان هەر نوێژ وتەسبیحات و کڕنۆس وسوژدە نییە، ژیـان بەوەوە خۆشـە بـڕوانیە فیلمێک، زنجیرەیەک، بەرنامەیەک، فیلمێکی دۆکیومنتی، لەگەڵ دوو سێ برادەر دانیشـیت بەس قسـە بـکەن، بەبـێ غەیـبەت بێگومـان! کتێبێکـی نـوکتە

بخوێنیتەوە ، یان بڕوانیە فیلمێکی کۆمێدی ، یان فیلمێکی عادل ئیمام ، یا بچیتە شانۆیەک بەس بۆ پیکەنین، پێکەنین وبەس.

لە هەمووی سەیرتر ئەو دکتۆرە غەزەبە شانازی بەوە دەکات کە کاتی خۆی لە تێستێکی زمانی ئینگلیزی زانکۆیەکی بەریتانی سەرکەوتووە، بۆ نەخوێندەوارە سەرسامەکانی باس دەکات، کەچی بە خەڵک دەڵێت ئینگلیزی زمانی بی ئەخلاقیە و عەرەبی زمانی ئەخلاقە.

ئەو دکتۆرە بێ سەوادە دەبێت بزانێت کە ئینگلیزی زمانی زانست و ئەدەب و هونەر و تەکنۆلۆژیایە، نەک بێ ئەخلاقی! عەرەبی ڕاستە زمانی دین و قورئانە، بەڵام لە ٢٢ وڵاتی عەرەبی یەکێکیان بە قەد مالیزیا و تورکیا سوودیان لە دین وەرنەگرتووە، سەرەڕای تێگەیشتنی زمانی عەرەبی و قورئان.
سەیر لەوەدایە ئەو دکتۆرە بلیمەتە لاسایی شێخە توندڕەوەکانی سعودیە لەو بارەیەوە دەکاتەوە.

فەتوای ئیبن عسێمین لە حەرامکردنی فێربوونی زمانی ئینگلیزی! لاسایی دختۆر عەبدلواحید!

ئیبن عسێمین دەڵێت :

ئیبن تەیمیە لە کتێبی اقتضاء الصراط المستقیم.. دەڵێت زمانی عەرەبی دروشمی ئیسلام و خەڵکەکەیەتی، دروست نیە موسڵمان بە غەیری عەرەبی قسە بکات" ل٢٠٣

ئەحمەدی کوڕی حەنبەل پرسیاری لێکرا دەربارەی نزاکردن بە فارسی؟ گوتی زمانێکی خراپە، کە ناشێ سویندی پێ بخورێ یان نوێژ وهەموو عیبادەتەکانی تری پێ بکرێت! ل ٢٠٤

ئیبن عەمەر لە پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕێتەوە دەڵێت :ئەوانەی عەرەبی بزانن بە چاکی، با بە زمانێکی عەجەمی واتە غەیرە عەرەبی قسە نەکەن چونکە دەبێتە هۆی دروست بوونی نیفاق!! (.. عن نافع عن ابن عمر رضي الله عنهما قال: " قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: من يحسن أن يتكلم بالعربية فلا يتكلم بالعجمية فإنه يورث النفاق (ل ٢٠٥

زانراوە کە ڕاهاتن لەسەر قسەکردن بە غەیری زمانی عەرەبی تا دەبێتە عادەت کارێکی شەرعی نییە جونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستی خاوەنی ئەو زمانانە لە کافرەکان، ئەوەش پێچەوانەی عەقیدەی وەلا و بەڕا یە وەک ئیبن تەیمیە دەڵێت: "بزانە ڕاهاتن بە زمانێک زۆر بە توندی و ئاشکرا کاردەکاتە سەر عەقڵ و ڕەوشت و دین، کاریش دەکاتە سەر پێچوون بە بەرایەکانی ئەو ئوممەتە لە ئەسحابە و تابیعیەکان، پێچوون بە وانیش عەقڵ و دین و ڕەوشت زیاد دەکەن" ل ٢٠٧

من وایدەبینم ئەوەی مندالأنی خۆی فێری زمانی ئینگلیزی بکات لە مندالّیەوە، ڕۆژی قیامەت لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، چونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستی ئەو مندالّە بۆ ئەو زمانە، ئینجا خۆشەویستی ئەوانەی قسەی پیدەکەن، ئەوە بە نسبەت ئەوەی مندالّی لە بجوکیەوە فێری ئینگلیزی کرد یان زمانی تر "

تەواو

ئێستا زانیمان دکتۆرە بلیمەتەکەی کورد عەبدلواحیدیش ئەو قسانەی لەسەر خراپی زمانی ئینگلیزی و گەورەیی ومەزنی زمانی عەرەبی لە ئیبن تەیمیە و ئیبن عسێمین کۆپی کردبوو؟! هیچ قسەیەکی قۆڕ ناکرێت لە جەزیرەی عەرەبی ئیلا دەبێت وەربگێڕدرێتە سەر کوردی! وەک ئەوان دەڵێن دەبێت ئافرەت خەتەنە بکرێن و نیقاب بکات چونکە کاهینەکانی سعودیە وادەڵێن! دەڵێن دەبێت ئافرەت سەیارە لێ نەخوڕێت چونکە کاهینەکانی سعودیە وادەڵێن!!

دەڵێن نابێت مۆسیقا هەبێت، چونکە کاهینەکانی سعودیە وادەڵێن!! چما خەڵکی ئەو ولأتە داماوە هێندە خۆشبەختن تا ئەو فەتوا تاڵ و ڕەش و علم ومەعریفەتە بۆ ئێمە بگوازنەوە؟! ئەگەر بە تێلأیەکەی عومەر نەبێت چۆن دەتوانیت کۆمەڵگا بەس بە دیار دین و قورئان و وانەی دینی دابنێیت؟! وەک چۆن لە سعودیە بە تێلأی جەماعەتی بەناو ئەمر بە مەعرووف ونەهی عن مونکەر دەیکەن! هەر زمانی ئینگلیزی مابوو قەدەغەی کەن و حەڕامی کەن، تا هەموو مندالأنمان ببنە زانای سەلەفی!

فتوى ابن عثيمين في تحريم تعلم اللغة الإنجليزية!

بسم الله الرحمن الرحيم والصلاة والسلام على سيد الأنبياء والمرسلين نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، قال شيخ الإسلام ابن تيمية عليه رحمة الله في كتابه "اقتضاء الصراط المستقيم مخالفة أهل الجحيم " فإن اللسان العربي شعار الإسلام وأهله ، ولايصح لمسلم التكلم بغيره ... ) ص203

وقد سُئل الإمام أحمد بن حنبل رحمه الله عن الدعاء في الصلاة بالفارسية ؟ فكرهه . وقال: لسان سوء ولايصح الحلف بها ولا الصلاة ولاسائر العبادات. ص 204

وقد روى السلفي من حديث سعيد بن العلاء البرذعي حدثنا إسحق بن إبراهيم البلخي حدثنا عمر بن هارون البلخي حدثنا أسامة بن زيد عن نافع عن ابن عمر رضي الله عنهما قال : قال رسول الله صلىالله عليه وسلم ( من يحسن أن يتكلم بالعربية فلا يتكلم بالعجمية فإنه يورث النفاق ) ص205

ومعلوم أن اعتياد التكلم بغير العربية حتى يكون عادة أمر غير مشروع لأن يورث محبة أهل تلك اللغة من الكفرة وهو مخالف لعقيدة الولاء والبراء من الكفار. قال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : (واعلم أن اعتياد اللغة يؤثر في العقل والخلق والدين تأثيرًا قويًا بينًا، ويؤثر أيضاً في مشابهة صدر هذه الأمة من الصحابة والتابعين ، ومشابهتهم تزيد في العقل والدين والخلق) ص207

والذي أراه أن الذي يعلم صبيّه اللغة الإنجليزية منذ الصغر سوف يُحاسب عليه يوم القيامة ؛ لأنه يؤدي إلى محبة الطفل لهذه اللغة ، ثم محبة من ينطق بها من الناس ؛ هذا من أدخل أولاده منذ الصغر لتعلم اللغة الإنجليزية أو غيرها من اللغات.

# بەشی چوارەم

# عەبدلواحید

# لە نێوان ئیسلامیەت و عەلمانیەت

# عەلمانیەت یان ئیسلامییەت خیانەتە لە جەستە و ڕووحی کوردبوون؟!

دژایەتـــی عەبدولواحیـــد بـــۆ دیمـــوکراتیەت وعەلمـــانیەت وەک هەر مەلایەک وبانگخوازێکی چوارچێوەی ئیسلامی سیاسی لە چڵەپـۆپەدایە. هەتـا عەلمـانیەت دەکاتە هاوتای بەعسی بوون، و تەنها عەلمانی بوونی کـوردێکی پـێ خیـانەتە لە موسڵمان بوون!

عەبدولواحید دکتۆرە بلیمەتەکە لە وتەیەکی نانەستەقدا دەڵێت: هەروەک چۆن شەرمە مرۆڤێکی کورد بەعسی بێت، ئاواش شەرمە موسـڵمانێک عەلمـانی بێـت! چـونکە بەعسـی بـوون خیـانەتە لە کوردبـوون، وعەلمـانی بـوونیش خیـانەتە لە موسڵمان بوون!

لەو وتە کـــورتەدا دکتـــۆر عەبدلواحیـــد چەنـــدین هەڵەی فیکـــری و مەنهەجـــی دەکـــات. چـــونکە یەکەم هەر بەعســـی بـــوون بـــۆ کـــورد شـــەرم نیـــیە، بەڵکـــو ئەردۆگانیبوون و وەهابی بوون و سـەلەفی بـوونیش شەرمتریشـە بـۆ کـورد، کە هەموویـان لەسـەر بنچیـنەی زەوتکردنـی کـورد بوونـت هەڵچنـراون. بە دەگـمەن کەسێکی ئیخوانی و نـا ئیخـوانی ئەردۆگـانی نـابینیتەوە کـوردێکی بـاش بێـت. موستەحیلە وەهابیەکی سەلەفی بدۆزیتەوە دوو لە سەدا خەیاڵی بۆ کورد ئیش

بکــات. هەر ئیســلامی بــوون بە گشــتی خیــانەتێکە لە کوردبــوون، چــونکە ئیســلامیەکان نەیــانتوانیوە نمــونەیەکی ئیســلامی تەبــا بە کوردبــوون و نــا وابەستە بە فۆرمێکی عەرەبی و تورکی و فارسی دابهێنن.

بۆیە ئەگەر بەعسی بـوون بە پـاڵنەری تـرس و هێـز و زۆرەملێیـی لەلایەن. کـورد دەکـرا، ئەوە زیانەکانیشـی بەس مـادی بـوون، کـارە قێزەونەکـانی بەعسـیە کوردەکان ستەم کردن و ڕاپۆرت لێدان و پیاو کوشتن و فشار خستنە سـەر کـورد بوون. خەڵکی زۆربەی دەیکوڕهاندن و خۆشیان هەستی شورەیی وخیانەت وەک ملوانکەیەک بوو بە ملیانەوە، لە خەویش لێیان جیانەدەبوەوە. بەڵام زیانەکـانی ئیسـلامی بـوون بە فـۆرمی عەرەبـی و تـورکی و فارسـی، زیانەکـانی بەر ڕوحـی نەتەوە و کوردبوون دەکەوێت زیاتر نەک هەر جەستە.

چــونکە لە ژێــر پەردەی دینــدا باشــترین خــزمەت و جاشــایەتی بە فــۆرمی ئیسلامیبوونی عەرەب و تورک و فارس دەکەن. لەو فۆرمە ئیسـلامیە ناکوردیـانە زمانی کوردی و ناوەکانی کـوردی و داب و نەرێتـی کـورد و خەونە مێژوویەکـانی کورد و میزاجی کوردەواری هەمووی دەبنە قوربانی، زمان و کلتور و داب ونەرێت و ناو و میزاجی نامۆ بە کورد. بە پێچەوانەی جاشەکانی بەعس کە بۆ پارە فشار و سـتەمیان لە کـورد دەکـرد، ئیسـلامیە کوردەکـان خۆبەخشـانە و هەر لە ڕاهـی خـوادا زۆر بە حەماسـەتەوە ڕوحـی نەتەوەیـی و کوردبـوون تێـک دەشـکێنن و توانیتیـان نەوەیەکـی کـوردی بـێ یـادەوەری و بـێ ڕووحـی کوردبـوون و بـێ هەستکردن. بە کوردبوون دروست بکەن، ئامادەن میللەتی خۆیـان بسـڕنەوە لە پێناو وەهمەکانی ئیسلامی سیاسی.

گومـانم نیـیە دکتـۆر عەبدلواحیـد و هاوڕێکـانی تەنهـا لە کتێـبە پووچەکـانی سـەلەفیەکان و ئیسـلامیەکان کە لەسـەریان نووسـراوە: یهـدی و لا یبـاع، فێـری عەلمانیەت بووە. چـونکە حـاڵی ئەو وڵاتـانەی عەلمـانی و دیموکراسـین پـێکەوە دەبینین، کە چ بە هەشتێکیان لەسەر دنیا دروستکردوە، و چ عەدالەتێکی تێدایە کە هیچ دینێک بە ئیسلامیشەوە نەیتوانیـوە دادپەروەیەکـی وەک ئەو سیسـتەمە عەلمانیـانە دروسـت بکـات. سیسـتەمێک بچـوکترین فەرق و جیـاوازی لە نێـوان هەڵگـری دیـن و بیروبـاوەڕە جیاکـان ناکـات، جێگـای تونـدڕەوترین دینـدار و بێدینترین نادینی لێ دەبێتەوە.

حاڵی حوکمی ئیسلامی سیاسییش دەبینین لە سعودیە و ئەفغانسـتان و ئێـران و تورکیـا و داعشـی موسـڵ و ڕەقە و سـۆماڵ و بوکـۆ حەرام کە چەنـد دڕنـدە و مرۆکوژن، چۆن مرۆڤ لەسەر جیاوازی دینیان و بیروباوەڕ تەفروتونا دەکەن.
کەوابـوو عەلمـانیبوون خیـانەتە لە تونـدڕەوی وتیرۆرسـتی و دواکەوتـوویی و مرۆکوژی و ئیسلامیزم نەک خیانەت بێت لە موسڵمان بوون و کوردبوون . بەڕای من ئیسلامی بوون بەو فۆرمە بێگانانە خیانەتە لە موسڵمان بوون و کوردبوون .

کـورد سـەرەڕای دەرد و کێشـەکانی لەگەڵ دوژمنـانی نـاوچەکە، تەنهـا خـاڵێکی جوانی تێدا بێت ئەو ئاڕاستەیە عەلمانیەیە، کە هاوسـۆزی دنیـای پێشـکەوتووی بـۆ خـۆی کـێش کـردوە. ئەگەر کۆمەڵگـای کـوردی لە ژێـر دەسـتی دکتـۆر عەبدلواحید و دکتۆر قەرەداغی و دکتۆر عبداللطیف و مەلا سەمەد و سوسەیی و

کـێ و کـێ بـوایە، ئێسـتا کوردسـتان ویلایەتێکـی بـن دەسـتی داعـش بـوو بە ئەمیرایەتی دکتۆر عەبدلواحید .

کەوابوو :

هەروەک چۆن شەرمە کورد بەعسی بێت، ئاواش شەرمە کـورد ئیسـلامی تـورکی و عەرەبی بێت، چـونکە بەعسـی بـوون خیـانەتە بە جەسـتەی کـورد، ئیسـلامی بوونیش خیانەتە لە جەستە و ڕووحی کوردبوون.[9]

[9] - ٢٠١٦/٦/٦

# منداڵان فێری شەڕ و شۆڕی غەزاکان کەن وەک قورئان!

کە دەڵێین ئەو دکتۆرە غەزەبە بەرهەمی هەمان گارخانەی داعشە، وهەڵگری هەمان ئایدیا و بۆچوونەکانە خەڵک وادەزانێت ئێمە ئیفترای پێ دەکەین، ببینە چۆن لە جیاتی بڵێت منداڵانمان با پەروەردە بکەین لەسەر بەها جوان و مەدەنیەکان و شارستانیەکانی وەک ڕەحم وبەزەیی و ڕیزی یەکتر گرتن و ئاژەڵدۆستی و پاک وخاوێنی و مرۆڤ دۆستی، نیشتیمان پەروەری، دەیەوێت منداڵەکانمان پەروەردە بکەین لەسەر شەڕوشۆڕ و مەغازی، کە کتێبەکانی مەغازی پڕاوپڕن لە درۆ وتەهویل وموبالەغات وتاوانی گەورەی خوێن ڕشتنی خەڵک بە ناهەق، کە لە هۆلاکۆش دوورە!

نەک ئەوە بەڵکوو خاوەنی کتێبەکانی المغازی وەک ابن اسحاق و الواقدي و ابن سعد بە خراپترین شێوە ڕەخنە کراون وبەدرۆزن لە قەڵەم دراون، انس بن مالک دەربارەی سەرچاوەی سەرەکی کتێبی غەزاکان ابن اسحاق دەڵێت: (دجال من الدجاجلة) جادووکەرێکە لە جادووکەرەکان! کەچی کاک دکتۆر بە گریانەوە لە خەڵک دەپاڕێتەوە فێری منداڵان بکرێت ومێشکیان بە دەستی ئەو دەجەلە بشۆردرێت!!

عەولواحید دەڵێت بەپێی ئەو ڕیوایەتە سەعد دەڵێت ئەوە شەرەف و شانازی ئێمەیە منداڵەکان وەک قورئان فێرمان دەکردن! دەبیت ئەو منداڵانەی لەسەر شەڕ ومەغازی پەروەردە بکرێت، چ خاوەن دەرونێکی جەنگاوەری لێ دەربچێت؟!

عەولواحید کاری داعشیەکان و دەستە خوشکانیان زۆر ئاسان دەکات، و لەجیاتی گرووپە داعشیەکان پێوەیان خەریک بن مێشکیان بشۆنەوە، باوک ودایکی کلۆڵ لەماڵەوە منداڵەکەی ئامادە کات بۆ شەڕو شۆڕ و سەربڕین وسوتاندنی مرۆڤ و خۆ تەقاندنەوە، کە زۆربەیان لە کتێبەکانی مەغازی هاتووە!

دکتۆری جەستە و پەتای میشک پێی باشترە منداڵەکانمان لەناو جەوی شەڕ وشۆڕ و خوێن بن باشترە، لەوەی حەزیان لە یاری تۆپی پێ بێت یان هەر وەرزشێکی تر، چونکە لای فەرهەنگی ئیسلامی تۆپی پێ پرۆتۆکۆلاتی حەکیمەکانی جولەکە دایانهێناوە، پیلانێکە دژی ڕەوشت وئەخلاق ودین!

سەتحیەت وبێ مستەوایی عەبدلواحید لەوە دەردەکەوێت کە راستە قاتێکی شیکی [عەلمانی] لەبەرە و بۆینباغێکی [بیدعەیی] بەستووە، بەلأم تەنها دۆڵێکی بەتاڵی زایەڵەی کەلـلە پووتەکانی سعودیە وخەلیجە، وەک ئەوان دەڵێت نابێت منداڵەکانمان تەماشای کارتۆنی مشک و پشیلە بکات وەڵلاَ بۆ؟ چونکە مشک بەپێی ڕیوایەتە خورافیەکان لە فەواسیقە! یانی عەول واحیدیش فەتوای تەکفیری میکی ماوسی دا!!

باشە منداڵ یاری نەکات، وحەز لە تۆپی پی نەکات، هیچ وەرزشێک نەکات، تەماشای کارتۆن نەکات، ئەی باشە چی بکات، بەس دەرسی غەزاکان بخوێنێت؟! دەبێت ئەو منداڵانەی لە سایەی ئەو عەقڵیەتە پەروەردە بن چ مەلا شوانێک وزەرقاویەک و بەغدادیەکیان لێ دەربچێت؟![10]

---

10 ٢٠١٥/٢/٢٠

# سەرۆکی عەلمانی گوێڕایەڵی ناکرێت!

لە ڤیدیۆیەکی دکتور عەبدلواحید محمد صالح ی سەلەفی دەڵێت: وەلی ئەمری عەلمانی هیچ گوێڕایەلیەکی بۆ نییە، چونکە کافرە بەپێی وەڵامی شێخ ابن باز، لە وەڵامی پرسیارێک کە دەڵێ: ئایە لەسەرمانە گوێڕایەڵی بکەین بۆ حاکمێکی عەلمانی؟! لە وەڵامدا گووتی: نەخێر، چونکە تەنها حوکمکردنی بە یاسای عەلمانی پێی کافر دەبێ![11]

لە سیمنارێکی لە تەلەفزیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە ناونیشانی خوێندنەوەیەک لە عەلمانیەتدا، گاڵتە بە عەلمانیەت دەکات و دەلێت خەڵک پێیانوایە دەرمانی هەموو دەردانە!

هێرش دەکاتە سەر عەلمانیەکان و تەکفیریان دەکات بە تایبەتی ئەوانەی دەڵێن ڕیز لە ئیسلام دەگرن، دەڵێت بەڵام خوا دەڵێت: ومن لم یحکم بما انزل اللە فأولئک هم الکافرون، واتە تەنها کەسێک کە حوکم بە حوکمی خوا نەکات، لە ئەنجامدا هەموو کافر دەبن![12] سەیر لەوەدایە ئەو قسانە دەکات لە

---

11 - فيديو الداعية السلفي عبدالواحد محمد صالح: https://www.youtube.com/watch?v=ISeOdpiZ8o4 نشر في يوتيوب في ٢٠١٦/١١/١٢

12 - فيديو الداعية السلفي عبدالواحد محمد صالح: https://www.youtube.com/watch?v=t38ftXu2JRc نشر في يوتيوب بتاريخ ٢٠١٤/٤/١٩

سایەی ئازادیەک دەسەلأتێک بۆی دەستەبەر کردوە، ئیدیعای ئەوە دەکات عەلمانیە!

ئەو ڕوحیەتە دینیە تووندڕەوەی بێگومان لە هەموو بوارێکی بیرکردنەوەی ڕەنگ دەداتەوە لەوانەش بواری کوردستانی و نیشتیمانی. لە کاتێکدا کوردستان پێویستی بە هەموو هێزێکی هاونیشتیامانیانی هەبوو لە سایەی مەترسی تیرۆریزم و هێرشی داعش، کەچی زۆر لە واعیز ومەلا و بانگخوازان لەو ساتانەدا بچوکترین گیانی بەرپرسیارەتیان تێدا نەبوو، گیانی دووبەرەکی وجیاخوازیان بلأودەکردەوە لە نێوان موسڵمان وئێزدی وکاکایی وهتد.. لەو بارەیەوە عەبدولواحید لە ڤیدیۆیەکدا دەیەها سوکایەتی بە ئێزدیەکان دەکات، بە جۆرێک مرۆڤ سەیری پێ دێت چۆن لەسەر ئەو بابەتە نەدرایە دادگا و سزا نەدراوە تا ئێستا.

دەڵێت [یەزیدیەکان] ئێزدیەکان کورد نین، چونکە وشەی یەزیدی لەناوی یەزیدی کوڕی معاویە هاتووە! یان لە ناوی گوندێکی ئێران هاتووە بە ناوی [یەزد]! تۆمەتباریان دەکات بە موشریکی و عیبادەتی شەیتان وشتی تریش.

دەربارەی هێرشی داعش دژی ئەو نیشتیمانەی کە ئەم و هاوشێوەی ئەو دەپاریزێم عەبدولواحید باسی وەلا و بەڕا دەکات و بە ئاشکرا دەڵێت:

ئـالأی حکـومەتی کـوردی نـوێنەری ئـالأی کـوفرە، ونـابێ موسـڵمان لە ژێریـدا بجەنگێ!

دەڵێت: "خودا لە مرۆڤ بە نرختری دروست نەکردوە، مرۆڤ بەنرختـرە لە خـاک، چی وەلأی خوا دەدەیتەوە ئەگەر لەسەر خاک کوژرایـت؟ ئەو خـاکەی لە پێنـاوی

دەجەنگیت دەبێت ئەو خاکە بێت کە بەرنـامەی خـوای تێـدا جێبەجـێ بکـرێ. و شەرعی خوای تێدا پیادە بکرێت. تا کاتێ خوا لێت دەپرسێ لە پێناو چـی خـۆت بە کوشت دا؟ بڵێی لە پێناو تـۆ خـوایە.. پیاوێـک هـاتە لای پێغەمـبەر لە شـەڕی بەدر و گـووتی دەمەوێ لە پـاڵ ئێـوە بجەنگـێم، پێغەمـبەر لێـی پرسـی: تـۆ موسڵمانی؟ گووتی: نەخێر، پێغەمبەر گووتی ڕێت پێنادەم!

بڕوانە پێغەمبەر ڕەتی دەکـاتەوە یەک موشـریک بەژداری بکـات لە سـوپاکەی و لە ژێـر سـەرکردایەتی خـۆی، کە تەنهـا موشـریکێک نـاتوانێ هـیچ گۆڕانێـک لە سوپاکەی دروست بکات، سەرەڕای لاوازی موسڵمانان ئەوسا، [ولقـد نصـركم اللـه ببدر وانتم اذلة] [لە بەدر سەری کەوتاندن لە کاتێکدا زەلیل و لاواز بـوون] بەڵام نەیهێشت بەژداری بکـات! ئەی تـۆ چـۆن ئەچیـتە نـاو سـوپایەکی کـوفرەوە کە عەلمەکەی لەوپەڕی شـیوعی و بێـدینەوە تیـایەتی تـا ئەوپەڕی نەصـرانی و ماسۆنیەت؟ نازانیت ئەم عەلەمە چیە، نازانیـت ئەم کـۆمەڵە چـیە، نازانیـت ئەم سـەنگەرە چـیە. پەنـا ئەگـرم بە خـوا لەوەی لە سـەنگەرێکی ئـاوادا بمـرین و لە شوێنێکی ئاوایا گیانمان بسپێرێ...سەیرم پێ دێ چۆن وشەی شەهید بـۆ ئەوانە بەکار دەهێنن.

" کاتێـک دو جەیـش بەرامـبەری یەکتـری ئەوەسـتن؛ ئەگەر ئـێمە لە تەرەفـی بەرامبەر [مەبەستی داعشە] گومانمان هەبێت کە ئایا بۆ خوا نین یان بۆ خـوان ـ کە ئەوە ئەمێنێتەوە بازاڕی خوا ـ. کە وەکو شەخصی خۆمان قەناعەتمان پێـی نـیە- هێشـتا بـاوەڕی پـێ نـیە؟! - ؛ بەڵام خـۆ سـەنگەرێکی تـر کە بەرامـبەری وەستاوەتەوە [مەبەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستـانە] هیچ گومانمان لێی نیە

**کە قیاداتی ئەسڵەن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نوێژ وعیبادەتـدا نەبینـراون، لە عەمرەیـا نەبینـراون، ڕۆژێـک لە ڕۆژان نـاوی خـوا - وەکـو عورفێـک نەبـێ - بە دەمیانـا نەهاتوە" بۆیە چـوونە ژێـر ئەو ئـالایە نیشـتیمانییە خـودی کـوفرە، وەسـەنیەتە نەک وەتەنیەت"![13]**

**پاش ئەو هەڵمەتەی لە دژی ئەو وتـارە تووندـڕەوەی کـرا لە میـدیا و سۆشـیال میدیا، دختۆر** عەبدولواحید بە ناچاری هاتە وەڵام و دەیان چەواشـەکاری و درۆی کرد بۆ داپۆشینی هەڵمەکانی.

[13] - فيديو الداعية السلفي عبدالواحد محمد صالح: https://www.youtube.com/watch?v=EFbCaa-m-K0 نشر في يوتيوب بتاريخ ٢٠١٥/٢/١٩

# بە چۆک داهاتنی عەبدلواحید!

سەرسامەکانی عەبدلواحید سەرەڕای ئەو هەمـوو قسە ڕوون وئاشکرایانەی لە دژی سەنگەری پێشمەرگە و نیشتیمان و هاولاتیانی دین و رۆڵەکانی تری کوردستان بە کوردیەکی ڕەوان کردنی ، هێشتا بەرگریەکی سەختیان لێ دەکرد کە گوایە ئێمە و خەڵک لێی تێناگەین، دەنا ئەو باسی شتی وای نەکردوە!

بەلأم شوکر بۆ خوا کوردستان سەرەڕای ژەهراوی بوونیشی بە ئایدیای مەلا وبانگەوازە داعشی وسەلەفیەکان، بەلأم بای ئەوەی خێری تێدا ماوە کە هینی ڕەش وسپی لێک جیاکەنەوە! پاش هەڵمەتی ڕیسواکردنی ئەو لێدوانانەی دژ بە کورد و پێشمەرگە و سەنگەری پیرۆزیان، وشوبهاندنیان بە سەنگەری کوفر، وتەکفیر کردنی سەرکردەکانی کورد بە تێکرا، ماعەدا ئیسلامیەکان هەڵبەتە! ئەو ویست وهۆشیاریەی خەڵک چۆکی بەو دکتۆرە خۆپەسندە دادا، وبە ناچاری ئەمرۆ لە ٢٠١٥/٣/٢٢

[ڕونکردنەوەیەک لە (د.عەبدلواحید محمد )] ی نوسیوە، کە سەرتاپای پینە وپەڕۆکردنی لیدوانە ناماقوڵەکانیەتی. دیارە ئاڕاستەی "گشت دام و دەزاگاکان و کە ناڵەکانی ڕاگەیاندن . برا پێشمەرگەکانمان لە سەنگەرەکانی بەرگری دا کەس و کاری سەر بەرزی شەهیدان" ی کردوە!

کام شەهید تۆ نەتوت ناوی شەهید لەجێگەی خۆی نیە بۆ ئەوانەی لەو سەنگەرە دەجەنگێن؟ " زۆرم پێ سەیرە ئەبینم خەڵکێک زۆر بەسادەیی ناوی

"شەهید" بۆ کۆمەڵێک شوێن بەکار ئەهێنن کە کە لایق نیە بۆی" لە خاڵی یەکەم دەبێتە دڵسۆزی کورد پاش ستایشی پێشمەرگە:

"بە درێژایی مێژووی کورد ، پیشمەرگە زاراوەیەک بوە جێگەی شانازی هەمو کورد بوە بە بیرە جیاوازەکانیەوە وە هەر ئەوان خاوەنی شەرەفی ڕاپەڕین و ئازاد بونی گەلی کوردن و ئەرکێکی شەرعیان ئەنجام داوە ، بەلاٌم بەداخەوە ئەوەی پێشمەرگە لەسەر خاک دەستی کەوتوە لەسەر مێزی گفتوگۆ بازرگانەکان و بەرپرسەکان دۆڕاندویانە."

ئەگەر جەنگی پێشمەرگە لەسەر خاک هێندە گرنگە و جاهیلیەت نیە ئەی ئەوە قسەی کێیە؟ ئەوە دەقی قسەکانت نیە: " ئەوەی کە ئەمڕۆ لەسەر ئەساسی خاک دروست ئەبێ؛ باطیلە، ئەوەی لەسەر ئەساسی نەتەوە دروست ئەبێ؛ باطیلە. ئەوەی لەسەر ئەساسی عەلەم دروست ئەبێ؛ باطیلە. ئەوەی لەسەر ئەساسی عەشیرەت دروست ئەبێ؛ باطیلە""

یانی کێشەی تۆ دۆڕاندنی دەسکەوتەکانە لەسەر مێزی گفتوگۆ؟ تۆ لە کاتێکدا داعش تیرۆرستی بۆ دێت لە هەموو دنیا، دەتەوێ بەرەی کوردیش پارچە پارچە بکەیت، ودەڵێیت: "" ئەی تۆ چۆن ئەچیتە ناو سوپایەکی کوفرەوە کە عەلەمەکەی لەوپەڕی شیوعی و بێدینەوە تیایەتی تا ئەوپەڕی نەصرانی و ماسۆنیەت؟ نازانیت ئەم عەلەمە چیە، نازانیت ئەم کۆمەڵە چیە، نازانیت ئەم سەنگەرە چیە. پەنا ئەگرم بە خوا لەوەی لە سەنگەرێکی ئاوادا بمرین و لە شوێنێکی ئاوایا گیانمان بسپێرێ."

ئەوە چ پاشگەزبوونەوەیەکە وات لێدەکات وا پێچەوانەی قسە قەڵەوەکانی خۆت بکەیت وا نکوڵیان لێبکەیت؟!

ئینجا لە خاڵی دواییدا دەڵێت:

" ئەم وتارە هی ساڵی پارە و ئێستا نیە و بڵاوکردنەوەی لە ئێستادا بە شێکە لە چەواشەکاری ڕای گشتی و شێواندنی ڕاستیەکان. " ساڵی پارە کەی؟ مانگی ١٢ و ١١ ش ساڵی پارە، هەموو ئاماژەکان دەڵێن هی مانگی ١١ ی ٢٠١٤ یە، یانی لە گەرمەی شەڕی داعشدا لە دژی کوردستان! هەتا ئەگەر زۆر کۆنتریش بێت هیچ لەو وتارە فکری وعەقیدەییەی وەلا وبەڕای سەلەفی کەم ناکاتەوە! تۆ بەو پێشمەرگانە ناڵێیت: "" تۆ بە چ ڕویەکەوە ئەچیتەوە بەر دەستی خوا و ئەڵێیت: خوایە! لەپێناوی خاکێکا گیانم بەخشی؟! خاکێ دیفاعی لێ ئەکرێ و شەڕی لەسەر ئەکرێ کە بەرنامەی خوای تیا بێ، ڕێبازی خوای تیا بێ، پەیامی خوای تیا بێ. دیفاع لە بەرنامەکە ئەکەیت کە لەسەر ئەو خاکە تەتبیق ئەکرێ، لەبەر خوا."

ئینجا لە خاڵی سێیەم دەڵێت:

"ئەم وتارە نزیکەی کاتژمێرێکە ، بەڵام بە داخەوە چەند کۆپلەیەکی پچڕ پچڕی لێ بڵاو کراوەتەوە کە ئەویش بە مەبەستەوەیە ئەگەر هەموو وتارەکە وەک خۆی بڵاو بکرێتەوە ئەوە هەموو ڕاستییەکان وەک خۆی دەردەکەوێت. " قەسەم بە قورئان ئەگەر هەموو وتارەکە بڵاوبکرێتەوە وەک من گوێم لێی بووە، دەبێت هەر ئەو ئێوارەیە بەرەو سنورەکان داعش بە ڕێ بکرێیت! ماشەڵڵای لێبێت باقی وتارەکەی عەقڵ وعیرفانی لی دەچۆڕێت!

لە خاڵی چوارەم دەڵێت:

"بە درێژایـــی وتـــارەکە مـــن نـــاوی پیشـــمەرگەم بە هـــیچ شـــتێک نەوتـــوە و هەڵوێستیشم وایە کە هەر پیشمەرەگەیەکی باوەڕدار لە پێنـاوی ئـاین و خـاک و ئابڕودا بکوژرێ شەهیدە. "

کە شەرمە یەک سەعات باسی پێشمەرگە بکەیت، دوایی بڵێی نـاوم نەهێنـاون! تۆ نەک هەر ناویان دەهێنیت بەڵکو هەمـوو باسـەکەت بـۆ سـپیکردنەوەی ڕووی داعشە، وبە ئیدانەکردنی پێشمەرگە نا موسڵمانەکانی وەک ئێزدی و مەسیحی و کاکەیی، کاتێ تۆ دەیکەیـتە دوو بەرەی هەق و باتـڵ کە دەڵێیـت: " کاتێـک دو جەیـــش بەرامـــبەری یەکتـــری ئەوەســـتن؛ ئەگەر ئـــێمە لە تەرەفـــی بەرامـــبەر [مەبەستی داعشە] گومانمان هەبێت کە ئایا بـۆ خـوا نـین یـان بـۆ خـوان ـ کە ئەوە ئەمێنێتەوە بازاڕی خوا ـ کە وەکو شەخصی خۆمان قەناعەتمان پێی نـیە- هێشـــتا بـــاوەڕی پـــێ نـــیە؟! - ؛ بەڵام خـــۆ ســـەنگەرێکی تـــر کە بەرامـــبەری وەستاوەتەوە [مەبەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە] هیچ گومانمان لێی نیە کە قیاداتی ئەسڵەن ڕۆژێک لە ڕۆژان لە نوێژ وعیبادەتـدا نەبینـراون، لە عەمرەیـا نەبینـراون، ڕۆژێـک لە ڕۆژان نـاوی خـوا ـ وەکـو عورفێـک نەبـێ ـ بە دەمیانـا نەهاتوە."

ئەی فەتوای ئیبن بازی گەورە کاهینی سەلەفیەت ناهێنیتەوە کە دەڵێیت لێیان پرسیوە "جائیزە گوێڕایەڵیمان بۆ دەسەلأتێک هەبێت کە بەرنامەیەکی عەلمانیی هەبێت؟"، ئەویش وتویەتی: "هەر بەوەی بەرنامەی عەلمانیی هەیە؛ تەکفیر ئەکرێ، ئەوەیش پێی نەڵێ کافر؛ گومان لە ئیمانی ئەکرێ."

مەڵێ وام نەگووتوە و مەبەستم وا نەبوە، چونکە ئەوە سەردەمی قال وقیلەی بەدەم نییە، بە کەیفی خۆت دەستکاری بکەیت ونکوڵی لێ بکەیت، بڵێ هەڵەم کردوە لەو بیروباوەڕە داعشیانە، بڵێ تۆبەم کرد لەو قسە بێ مستەوایانەی دژی پارێزەری خاک میللەت کردمن، بڵێ ئەو وەلا وبەڕایە کاری بەو سەردەمە نەماوە، مرۆڤ لە مەودوا دەبێت لەسەر ئاستی هاولأتی بوون مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک چەمکێکی وەک وەلا وبەڕای کە نیوەی جیهانی ئیسلامی وێران کردوە، نیوەکەی تریش بەرێوەیە!
قسەی زۆرتریش هەڵدەگرێت، بەلأم با ئەوەندە بەس بێت جارێ، بۆ ڕەواندنەوەی ڕوونکردنەوە چەواسەکاریەکەت![14]

[14] - ٢٠١٥/٣/٢٢

# بەشی چوارەم

# عەبدلواحید و چەمکە چەواشەکارەکانی ڕابوونی ئیسلامی

# دڵ بیردەکاتەوە!

ئەو چەواشەکاریانەی لێرەدا باسی دەکەین تەنها چەند نمونەیەکن، ئەگەر نا سەدان وهەزاران چەواشەکاریتری هەیە، کە لە بیری عەرەبی سادەی بەناو ڕابوونی ئیسلامی وەریدەگرێت، وەریدەگێڕێ بۆ کوردی.

ئەو چەواشەکاریانە هەموو جۆرێکن، چەواشەکاری زانستی بەناوی ئیعجازی عیلمی قورئان و سونە!

چەواشەکاری مێژوویی کە تەنها چەند وێنەیەکی بچوکی خەیاڵی و ئایدیاڵی مێژووی سەحابە و خەلافەت و ئیمامەکان پۆلیش دەکات، وفەرامۆشی هەموو خراپەکاری و کارە نێگەتیڤەکان دەکات.

چەواشەکاری سیاسی کە ئەو لایەنە زیاتر ئیسلامییە سیاسییە ئیخوانیەکان بەڕێوەی دەبەن! دەیان جۆری تری چەواشەکاری.

دەتوانم بڵێم کۆی ئەو کتێبە باس لەو چەواشەکاریانە دەکات، بۆیەش بەناوی ئەو بەشەم کرد.

بۆ نمونە عەبدلواحید دەڵێ لە کۆنگرەیەکی پزیشکی داوەت کراین لەسەر دڵ. دکتۆرەکان گوتیان دڵ زاکیرەی تێدایە وخاوەنی لاشەیە نەک مێشک! هەموو رابوونی عەرەبی لە کۆنەوە دەڵێن دڵ سەرچاوەی بیرکردنەوەیە! لەبەر بوونی چەند ئایەتێک

کە بیرکردنەوە بە دڵ دەبەستێتەوە! نازانم ئەوەی دڵی دەستکردی بۆ دەبەسترێت، بیرکردنەوە لە دەست دەدات؟!

لە کۆڕێکدا لە زانکۆی سلێمانی عەبدلواحید بە مامۆستایەکی بەرامبەر دەڵێت: باوانی من ئادەم و حەوان، ئەی باوانی تۆ کێیە؟!

کەی لۆژیکی کەسێک لە زانکۆ مامۆستایە بەو شێوەیە دینییە دەبێت قسە لەسەر بابەتێکی وا جیدی بکات؟!

ئەوانەی لەوێن کە قوتابی زانکۆن بەوپەڕی نەخوێندەوارییەوە دەست دەکەن بە چەپڵەلێدانن! ئەخر ئادەم و حەوا کەی زانستە و هەقیقەتێکی زانستییە؟! ئادەم وحەوا تەنها چیرۆکێکی دینی میتۆلۆژییە لە هەموو کتێبە ئاسمانییەکان هاتوە، بەر لەوانیش لە میتۆلۆژیای بابلی وسۆمەریەکان هاتوە![15]

[15] - https://www.youtube.com/watch?v=HaQYKlzMxW4

# ئەگەر ئەوروپا وا خراپ و ڕەشە ئەو هەموو ئیسلامیانە چ دەکەن لە ئەوروپا؟!

لەو وتارە و وتاری تریشدا عەبدلواحید باسی خراپی ئەوروپا و پوچێتی دینی مەسیحی و ئێزدی دەکات!

لە زۆر لە وتارەکانی بەو شێوەیە باسی ئەوروپا دەکات، بەڵام سەیرم پێ دێ، بۆ زۆرینەی ئەوەی دەردەچن لە کوردستان ئیسلامین؟! من سەرنجم داوە لە هەر شارێک هەمیشە ڕێژەیەکی زۆری ئەوانەی دەرچوونە لە کوردستان ئیسلامین! یان ئەوەتە دنیا پەرستیە پاڵیان پێوەدەنێ، یانیش فشەیان بە قسەی مەلا و بانگخوازانی وەک عەبدلواحید دێ!

لەو وتارەدا باسی ئەوروپا دەکات کە چۆن ئافرەتی سۆزانی لە جووتە پێڵاوێک بێ نرخترە، چونکە پیاوێکی زۆر لەگەڵی سێکس دەکەن، بەڵام جووتە پێڵاوێک گەر بتەوێ بیکری پێت خستە ناوی وتاقیت کردەوە، کردتە دوو کابرا تورە دەبێت، و هەقی خۆیەتی لێشی وەرنەگرێتەوە، چونکە پیس بووە! دەڵێ خۆشەویستان ئەوەیە نرخی ئافرەت لە ئەوروپا! یانی گشتگیری دەکات، ئەو وادەزانێ یان بە قەست وا لەو خەڵکە ساویلکەیە دەگەینێ کە هەموو ئافرەتێکی ئەوروپا سۆزانییە! کاکە سۆزانیەکانی دەوڵەتە ئیسلامییەکانیش هەر

وان، خۆ تەنها بۆ جارێک ئەو کارە ناکەن و وازبێنن؟! ناقوڵە سەبارەت بەوانەوە هەموو ژنی کوردستان و وڵاتە ئیسلامیەکان وا بنرخێنین؟!

یان دەڵێ دایک هیچ نرخێکی نییە و هەموو مناڵەکانی جێی دەهێڵن و دوایی کە مرد تەلەفۆنێکیان بۆ دەکەن بۆ ئەوەی بێن بینێژن، دوایی کەس نابێ پارەی باجی قەبرەکەی بدات، و دەڵێ بیسوتێنن، من ئەو پارەیە نادەم! ئەوەش ڕاست نییە، من نکولی ناکەم حالەتی واش هەیە ڕەنگە لە خۆرئاوا زۆرتر بێ، تا لە شوێنی تری وەک کوردستان و وڵاتانی ئیسلامی، بەڵام ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ئاستی پێشڤەچوون و ئاڵۆزبوونی کۆمەڵگا .ئێستا لە کوردستان دەیان و سەدان حالەتی وا هەیە، سەرەڕای ئەوەی کوردستان ناگاتە ١٪ ئاستی ژیاری و تەکنۆلۆژی ئەوروپا.

دەڵێ ئەگەر لە مناڵەکەت دەی، ئەگەر بە زۆر نوێژی پێ بکەی، نەهێڵی بچێتە مەسبەحی تێکەلاو، بە یەک تەلەفۆن مناڵەکانت لێ دەسەنەوە...

دەڵێ لە ئەوروپا منداڵ مافی یەکەمی هەیە، ئینجا ژن، ئینجا سەگ وپشیلە، ئینجا پیاو! بە گاڵتەوە دەڵێ پیاوێ لە ئەوروپا تەلەفۆنی کرد بۆ ژنەکەی گووتی تا دێمەوە ئاوەکە گەرم کە! برادەرانی گوتیان وەڵا تۆ زۆر موسەیتری !ئەویش گووتی: ئەی خۆ بە ئاوی سارد قاپ وقاچاغەکان ناشۆم؟!

بەخوا هەمووی زیادەڕەوی و درۆی نەزانانە، ئەوانەی بەبینینی حالەتێک شتەکە گشتگیر دەکەن!

دەڵێت کابرایەکی ئیسلامی بە ناوی ئەحمەد موفتی لە سوید کەنیسەکان پارەی موحازەرەکەی و تیکیتی فڕۆکەکەشی دەدەنێ بۆ ئەوەی کۆڕیان بۆ ببەستێ! نازانم چۆن مەسیحیەک پارە دەدات بۆ ئەوەی خەڵکی کەنیسەکەی بکرێتە موسڵمان؟!

لەو سیمنارەش سوکایەتی بە ئێزدیەکان دەکات ودەڵێ جارێ لێیان پرسی چەند دین هەیە لە عێراق؟

دەڵێ گووتم ئیسلام زۆرینەیە، دوایی مەسیحی و دوایی یەزیدی [ئێزدی]. گوتیان ئێزدی چییە؟

گووتم: شەیتان دەپەرستن!

گوتیان ئەی کە بێ عەقڵن! باشە بۆ شەیتان دەپەرستن؟

گووتم دەڵێن خوا بە ڕەحمە هەر لێمان خۆش دەبێت، بەلاّم شەیتان ئەوەندە زۆرزان وزالمە باشترە لە خۆمانی ڕازیکەین! دەڵێ قەشەکە گووتی بەخوا دینی چاکە.[16]

دینی ئێمە جێگای متمانەیە و هەواڵەکانی وا هاتووە، بەلاّم مەسیحیەت دین نییە، پۆخڵەواتە پۆخڵەوات!

**محەممەد هەریری**

٢٠٢٠/١/١٤

[16] - ڤدیۆکە: https://www.youtube.com/watch?v=ByZiJ36MsgM

# وتارێکی عەبدلواحید و فیلمێکی کارتۆنی عەرەبی! کامەرانی تەنها لە ئیسلامە!

زۆرجار عەبدلواحید گاڵتە بە نەیارەکانی دەکات کە بیروڕاکانیان هەمووی لە خەڵکیتر وەردەگرن، وهیچی هی خۆیان نییە، هەمووی لە نووسەر و بیرمەندە کافر و بێ باوەڕەکانی خۆرئاوا وەردەگرن! هەرچەندە وەرگرتنی بیری چاک عەیب و کێماسی نییە لە هەر کوێ وەری گریت، هەتا ئیسلام خۆی دەڵێت (الحكمة ضالة المؤمن حيث وجدها فهو أحق بها) واتە [حیکمەت وەک شتێکی بەنرخی ونبووی ئیمانداره دەبێ بەدوای بگەڕێ وهەر دۆزیەوە لە هەر کوێیەک ئەو موستەهەقیەتی لە خەڵکانی تر] من خۆم تا ئێستا چەندین جار لە وتارەکانم سەرچاوەی قسەکانی عەبدلواحیدم دەستنیشان کردوە، کە لە شیخ و بانگخوازە سەلەفیەکانی کەنداو وەریدەگرێت، ئەگەر بە جیدی بگەرێم بەدوای سەرچاوەکانی بیری عەبدلواحید یەکە یەکە هەمووی لە کتێب وسایت و میدیای بانگخوازی عەرەبی سەلەفی بۆی دەدۆزمەوە. ئەوەش من ناڵێم عەیبە، عەیب و نەنگی ئەوەیە تۆ سەرچاوەکانت عەرەبی سەلەفی بێت، گاڵتە بە خەڵک بکەیت کە سەرچاوەکانی زانایانی ناوداری خۆرئاوا بێت!

لە ڤیدیۆیەکدا عەبدلواحید بە شێوەیەکی سۆزیاری و بە مۆسیقایەکی عەرەبی خەمناک لە باگراوندا، باسی گۆرانیبێژێکی مەغریبی دەکات بەناوی سەعید الزیات، راستیەکەی ناوی سعيد الزياني یە! کە گوایە هاوڕێی عبدالحلیم حافظ و گۆرانیبێژەکانیتری ناودار بووە. پاش ناوداربوونێکی زۆر گوایە هیچ هەستی بەخۆشی

نەکردوە، برایەکی دەبێ لە بەلجیکا بەرلەو دەبێتە موسڵمان بە قەولی عەبدلواحید! سەعی سەردانی ئەو برایەی دەکات و سەرسام دەبێ بەو هەموو کامەرانیەی کە براکەی تێیدایە!

بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە تا سەعی یش موسڵمان دەبێ، و بەگەڵ کۆمەڵێ ئیسلامی دەکەوێ، ودەبێتە ئیسلامی.

جارێکیان لە وەڵامی ڕۆژنامەنووسێک کە لێی دەپرسێ: تۆ ناوت لەگەڵ خۆتە و سەعید وکامەرانی؟! دەڵێ من ناو سەعی یە جارێ دالەکەم نەدۆزیوەتەوە، کە دەبێتە موسڵمان ئیتر دڵخۆش دەبێت و دەبێتە سەعید، هەواڵ بۆ ڕۆژنامەنووسەکە دەنێرێت کەوا ئێستا سەعید و کامەرانە، چونکە بەدەر لە ئیسلام کامەرانی وخۆشبەختی لە هیچ شوێنێکیتر نادۆزرێتەوە!

ئەگەر ئەو قسەیە ڕاست با، دەبوایە کۆچی مرۆڤایەتی بەرەو ئیسلامستان بوایە، تا تۆزێ لەو کامەرانی و خۆشبەختیەی زیاد لە حاجەتەی خۆمانیان پێ بەخشیبان! نەک بە پێچەوانەوە بە ڕەسمی وبە نارەسمی، بە یاسایی ونایاسایی موسڵمانان بە لێشاو بەرەو ئەوروپا بچن، هەتا لە مردنی دەریا و ئۆقیانووسەکانیش سڵ نەکەنەوە.

ئێمە لە جیهانی ئیسلامدا هێندە کەئیب و بەدبەخت و پڕ کێشەین، تەعاسەتمان هێندە زۆرە ڕەنگە لە نەوت زیاتر بێت، بۆیە دەینێرینە دەرەوەشبۆ هەموو وڵاتانی جیهان. لەبەر ئەو واقیعە تاڵ وناخۆشەشمانە پەنا دەبەینە بەر تاقە ئارامکەرەوەی دەروونی کە دینە، وادەزانین جارەسەر لەوێیە، کەچی پاش ماوەیەک دەبینین هەر خودی ئەو دینە کراوەتە گەورەترین بەربەست لەبەردەم کامەرانی وهاوژیانی و ئاسایشی دەروونیمان، دەبینین ئەو دینە کراوەتە ترسناکترین چەک بۆ کوشتن و لەناوبردن و پشێوی خستنە ناو کۆمەڵگاکان.

ئەو چیرۆکەی سعيد الزياني بۆ زانیاریتان دکتۆر عەبدلواحید لە چیرۆکێکی بەکارتۆن کراوی وەرگرتوە بە ترش وخوێی کوردیەوە! یانی گاڵتەی بەوانە دێت لە خۆرئاوا بیرۆکەکانیان وەردەگرن، بەڵام خۆی وتارەکەی لە فیلمێکی کارتۆنی عەرەبی وەرگرێت کێشە نیە! [17]

[17] - وتارەکەی عەبدلواحید:
https://www.youtube.com/watch?v=l8aLpgM7H88

فیلمە کارتۆنیەکە:
https://www.youtube.com/watch?v=H8nslQo6Yno

# ئابڕووچوون بە زەنگوڵەو و دۆڵ و زوڕناوە![18]

میسریەکان بەو ئابڕووچوونەی کە خەڵکی زۆر پیی دەزانێ دەڵێن: فضیحة بالجلاجل واتە ئابڕووچوون بە زەنگوڵەوە! چۆن زەنگوڵە لە ئازەڵ دەبەستی بۆ ئاگاداربوونەوەی خەلک، ئەو کەسەی فەزیحەی خەلک باس دەکات وەک ئەوە وایە دۆڵ و زوڕنای بۆ لێدا یان زەنگوڵەی لێ ببەستێتەوە!

لە ڤیدیۆیەکدا عەبدلواحید باسی پیاوێکی پیر دەکات گوایە عەبدلواحیدی دیوە، کاتێ  ویستویەتی بچێتە حەج وگەردنی خۆی بە خەلک ئازا بکات. گووتی کاتی خۆی گوناهێکم کردوە، چۆن بچمەوە خزمەت پێغەمبەر بەو گوناهەوە!؟ گوناهەکەشی ئەوە بوو کاتی خۆی لە لاوێتی و هەرزەکاریدا ماچی کچێکی کردبوو بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ! دەیگووت ئیلا وبیلا  دەبێ گەردنی خۆمی پێ ئازاکەم، نەوەک بەو تاوانەوە بچمە خزمەت پێغەمبەر!

لە جیاتی عەبدلواحید بە جەماوەرە سادە وساویلکە دینیەکەی بڵێ کاکە ئەگەر شتێکی واتان لێ ڕوودا لەو جۆرە بوو کۆن ببوو، وازی لێ بێنن و بەردێکی لەسەر دانێن بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بە ئافرەت وماج وموچ و شتی وابوو لەناو ئەو کۆمەڵگایە ترسناکە بۆ ئەو بابەتانەی پەیوەست بە ئابڕووەوە! لە جیاتی

[18] - https://www.youtube.com/watch?v=pqW-2GFSTeA

ئەوەهێندە بە عاتیفیەوە و چاو پڕ گریانەوە ستایشی دەکات ودەڵێ چۆتە لای ماڵی باوکی ژنەکە، تا گەردنی ئازاکەن و لەبری ماچکردنی کچەکەیان!

یانی لای ماڵی باوک وبراکانیشی حەیای کچەکەیانی بردوە، جا نەبووە باوک وبراکانی شێت وهار نەبوونە؟! باوکی ژنەکەش لە عەبدلواحید ناحاڵیتر بووە، پێی گوتوە کاکە برۆ لای مێردی کچەکەم و گەردنت بەو ئازاد کە، تازە ژنی ئەوە!

لەجیاتی شەقێکی تێهەڵدا بڵێ تۆ چۆن پاش سی چل ساڵ لەو ڕوداوە ناوی کچەکەم دەزڕێنیت، دەتەوێ ماڵی لێ تێکدەیت و گوو بخۆ و بەردێکی لەسەر دانێ! ڕێک بە دۆڵ و زوڕناوە دەینێرێتە لای زاواکەی خۆی، بەڵکو گەردنی ئازا دەکات لە بری ماچکردنی ژنەکەی بەر لە چل ساڵ! لە خۆشبەختی ئەو تۆبەکارە گێلە مێردی ژنەکەش موسەقەف بووە، زۆر لە دەمارە کوردیەکانی ڕیشەکێش کرابوو، ئەوەش سودفەیەکی عەجیبە ماڵە باوان و مێردی ژنەکە هەردوولا وا هێمن و موسەقەف بن! وەلحاسل مێردی ژنەکە گەردنی ئازا دەکات، لە جیاتی چینێکی باشی لێدات، زڕتە زەلامێ پاش دەیان ساڵ لە کارێکی موراهیقانە دێ بەناوی تۆبە ئابڕووی خۆی و ژنەکەی دەبات بە دۆڵ و زوڕناوە!

سەیر لەوەدایە ژنەکە وەک بڵێی لە چیرۆکەکە بەردێکی بێ گیان بێت، داوای لێبوردن لە ماڵە باوکی و برای وماڵە مێردی بکرێت، هیچ داوای لێبوردنەکە لە خۆی نەکرێت!؟

عەبدلواحید دوایی دەڵێ ئەو ڕووداوە زۆر کاری لێکردم سوبحانەڵلا ئەوە نمونەی کوردە، نمونەی شەڕەفی کوردە، بەنەسێری کوردە، شەڕواڵی کوردە، ئەخلاقی

کوردە! هەست دەکەم مروئەت نەماوە ئێستا، هەست بە پیاوەتی و بە غیرەت نەماوە....ئەوەش نمونەی نەزانی تۆیە لە وتاردان!

من لەوە دەترسم ئەو گەنج و پیرانەی گوێی بۆ ڕادەگرن هەر کەسەی کاتی خۆی ماچێکی کردبێت، بچێت گەردنی خۆی بە ماڵە باوک وبرا و مێردی کچەکە ئازا بکات، بینە بەرچاوت چی دەقەومێ، خۆ هەموو جار هەر موسەقەف دەرناچن؟!

# با زاناکان ڕێز لە یەک بگرن

# خەمی خەڵکتان نەبێت!

لە کۆنەوە مەلاکان و زانایانی ئیسلام زۆر جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە عولەماکان میراتگری پێغەمبەرانن، خەڵکیش لەبەر ترسیان لە خوا و سزا و دۆزەخ هێندە ڕێزیان لەو عولەما و مەلایانە گرتوە، کە زۆرجار لە سنووری پێویست دەرچووە. مەلاکان و بانگخوازەکانیش لەو سەردەمەدا کە هەست بە تەشەنەکردنی زانست و مەدەنییەت دەکەن زیاتر جەخت لەسر ئەو وتارەی زەڕوڕەتی ڕێزگرتن لە عولەماکان دەگرن، تا پێگە وپایەی خۆیان ون نەکەن لەناو کۆمەڵگادا.

ئەو ڕێزە لە سنوور بەدەرەی گەلانی موسڵمان هانی خەڵکانێکی دەروون نزمی داوە کە لە ژیان بیر لە هیچ کارێک و پیشەیەک نەکەنەوە، ئاسانترین ڕێگا هەڵبژێرن کە کاری دینداربیە بۆ گەیشتن بە پلە وپایەی کۆمەڵایەتی و بە پارەش! زۆر کەس دەناسم خۆی گەورەترین دکتۆرە یان ئەندازیارە، هاوڕێی منداڵی کە تەمبەڵترین قوتابی بوو، بۆتە مەلا و دە بە قەد ئەو ناسراوە و ڕێزی لێدەگرێت لەناو کۆمەڵگادا، دوور نییە لەبابەتێکی ئەندازیاری و پزیشکیش قسەیەک بکەن ومەلاکەی هاوڕێی منالی قسەیەکی پێچەوانە بکات، خەڵک قسەی مەلا ناتاییەتمەندەکە بە ئەندازیاری وپزیشکی وەرگرێت!

ئەگەر تەنها بەدوای ئەو ڕستەیە بگەڕێیت: [هكذا أمرنا أن نفعل بعلمائنا وكبرائنا] لە یوتیوب و گوگڵدا سەدان وهەزاران وتاری نووسراو و ڤیدیۆکراوت بۆ دەردەچێ، ودەزانیت کە ئەو بەناو زانایانە سەرەڕای ئەو هەموو ڕێزەیان لێ دەگیرێت، هەتا هەندێکیان وەک عەبدلواحید قسە بە براو و باوکیشیان دەڵێت وەک بە پێشمەرگە و کوردە نا موسڵمانەکانی گووت، هێشتا کەس جورئەتی قسە پێ بڕینی ناکات، هێشتا زیاتریان دەوێت ودەیانەوێت وەک نیمچە پەرستراوێکیان لێ بکەن، بە بیانووی ئەوەی میراتگری پێغەمبەرانن!

لە وتارێک بە ناونیشانی "هەڵسوکەوتمان چۆن بێت لەگەڵ زانایاندا؟"[19]

لەو وتارەدا عەبدلواحید کە کۆپی و دووبارەکردنەوەی هەزاران وتاری عەرەبی وئیسلامی سواوە، باسی پێویستی ڕێزگرتنی موسڵمانان دەکات لە عولەما و مەلاکانیان، هەڵبەتە خۆشی! نمونەیەکی زۆر دووبارەکراوەوە بە ابن عباس وزید بن ثابت دەهێنێتەوە، کاتێ ئیبن عەباس جلەوی دابەکەی یان ئاژەڵەکەی کە زەید سواری بووە دەگرێت، کە زانای گەورەی مەدینە بوو ، زەید دەڵێ وامەکە ئامۆزای پێغەمبەر، ابن عباس دەڵێ: هكذا أمرنا أن نفعل بعلمائنا وكبرائنا! واتە [فەرمانمان پێکراوە وا بکەین لەگەڵ زانا و گەورەکانمان]

19 ـ لەیوتوب سەیری بکەن لەم لینکەی خوارەوە 👇

Z6n2xBXa3U8/https://youtu.be

زەیدیش بە ابن عباس دەڵێت دەستەکانتم بەرێ یان نیشان دە؟ زەید دەستی دەداتێ و ئەویش ماچیان دەکات ودەڵێ: هکذا أمرنا أن نفعل بأهل بيت نبينا! [فەرمانمان پێکراوە وابکەین بە کەس وکاری ماڵباتی پێغەمبەر]

﴿**فعن عمار بن أبي عمار أن زيد بن ثابت ركب دابته يوما، فأخذ ابن عباس رضي الله عنهما بركاب دابته، فقال زيد: "تنحَّ يا ابن عم رسول الله، فقال ابن عباس: هكذا أمرنا أن نفعل بعلمائنا وكبرائنا، فقال زيد لابن عباس: أرني يدك؟ فأخرج يده، فقبَّلها، ثم قال: هكذا أمرنا أن نفعل بأهل بيت نبينا."**﴾

خۆشترین قسەی عەبدلواحید ئەوەیە کە دەڵێ: ابن عباس بۆ حەدیس کۆکردنەوە دەچوو لە ژێر دەرگای خەڵک پاڵ دەەوت تا دەردەکەوتن! دەڵێ زەرۆرە لە ئاستی گەورەیی ئەوانە بین، سەحابەکان ئەو دینەیان ئاوا گەیاندە ئێمە ئەو پەیەمەیان ئاوا زیندوو کردەوە! ئەو پێشکەوتن وعیلم وتەکنۆلۆژیایە ئاوا گەیشتە ئێمە خۆشەویستەکانم!" ئەو هەموو مڕبووەی ئەو کۆڕە کە پڕی قوتابی زانکۆشە یەکێک لێی ناپرسێ کام عیلم و تەکنۆلۆژیا ئەو حەدیس نووسانە بۆیان هێناوین، جگە لە عیلمی دینی و عەقائید و فیقهـ و تەهارەت وزەواج و میرات؟!

کێشەی ئەو واعیز و بانگخواز و عولەماعە، ئەوەیە هەردەم ڕوداوێکی بچوک و تاکجار دەگشتێنن و دەیکەنە بنەما بۆ مێژوویێکی دوور ودرێژی کە زۆربەی پێچەوانەی ئەو نمونە دابڕاوەیە!

ئەو ڕێزەی نێوان زانایان و خەڵک کە مەلا وبانگخوازانی جیهانی ئیسلامی و عەبدلواحید باسی دەکەن زۆر کێشەدارە! یەکەم نمونەکە باسی ڕێزی نێوان

زانایانە و لە نێوان دوو زانای سەحابەیە ابن عباس و زید بن ثابت. ئەگەر باسی نێوان زانایان و خەڵکی عامە وڕەشۆکی دەکەن، ئەوە خەڵکی گشتی هەمیشە ڕێزێکی زیاد لە حەدیان لەو زانایانە ناوە، ئەگەر ڕۆژێکیش ڕێزیان شکاندبن ئەوە هەر بە فیتی ئەو عولەمایانە بوە!

زانایان لە سەردەمی سەحابەوە ڕێزیان لە یەک نەگرتووە، بەڵکو ناکۆکیەکانیان گەیشتۆتە رادەی جوێن بە یەکدان و سوکایەتی بە یەک کردن، هەتا گەیشتە رادەی یەکتر کوشتن بە هەزاران لە یەک! هەر لەسەردەمی عوسمانەوە شتی وایان دژی یەک کردوە جولەکە لە دژی موسڵمان نایکات!

" عوسمان خەڵکی بەرەو ناکۆکی برد لەسەر خۆی، ئەهلی پرس وڕاش یەک دەنگ بوون لەسەر پێویستی لادانی بە خۆشی و و بە ترشی هەتا بە کوشتنیش. هەتا ڕیز و هەیبەتێکی وای لەناو سەحابەش نەمابوو، ناویان لێنابوو [نعثل] نەعسەل، نەعسەلیش ناوی کابرایەکی ڕیش گەورەی مەسیحی بوو[ڕاستیەکەی نعثل بە مانای پیرەکی خەڵەفاو و نێرە کەمتیاریش دێ، هەروەها جوێکی ڕیش پانیش هەبوو ناوی نەعسەل بوو، نەک مەسیحی] کە ڕیشی وەک عوسمان بوو، پێیان دەچواند، وەک ئاماژەیەک بۆ لادانی لە ئیسلامدا وەک نەعسەلی مەسیحی، هەتا عائیشەی هاوسەری پێغەمبەر دەیگووت: نەعسەل بکوژن، نەفرەتی خوا لە نەعسەل!

کە کوژراش بۆ دوو ڕۆژ هەر کەس نەبوو بینێژی، کە چەند کەسێک ویستیان نوێژی لەسەر بکەن، کۆمەڵێ سەحابەی ئەنسارڕ نەیانهێشت نوێژییشی لەسەر بکەن، نەشیان هێشت لە گۆڕستانی بەقیع بنێژرێ، جەستەی مردووی بەردباران

کرا، و هەتا سەحابەیەک بەناوی عمیر بن ضابئ بەپێ چووە سەر لاشەی عوسمان و پەراسوێکی شکاند، لە کۆتاییدا لە گۆڕستانێکی جووەکان ناشتیان، بە پێی گێڕانەوەی الطبري."[20]

دوایی شەڕی الجمل لە ساڵی ٣٦ هیجری لە نێوان سەحابەکان بوو بەرەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و بەرەی عائیشە و زبیر و تەڵحە،

ابن كثير کوژراوەکانی ئەو شەڕە بە ١٠ هەزار دەستنیشان دەکات و دەڵێ زامدارەکانیش هێندە زۆر بوون لە ژماردن نایەن![21]

**قدر محمد بن سيرين عدد القتلى في هذه المعركة بحوالي سبعين ألف رجل. كان منهم خمس و أربعين ألف شخص من جيش الشام، أي كان نصف الجيش قد فني فما قدِرو على عدّهم إلا بالقصب، وضعو على كل إنسان قصبة، ثم عدُّو القصب. الذهبي في تاريخ الإسلام – عهد الخلفاء الراشدين** (**ص**545 )، **و معجم البلدان** ( 3/414-415 )، **و مصنف ابن أبي شيبة** (15/295) **بإسناد حسن من مرسل ابن سيرين، و هو من أصح المراسيل. و تاريخ خليفة )ص**194 ) **مختصراً.**

پاش ساڵێک لەوە لە ٣٧ هیجری، شەڕی صفین لە نێوان دوو سەحابی علي بن ابي طالب و معاوية بن ابي سفيان کوژراوەکان هێندە زۆربوون بە قامیش دەستنیشانیان کردن، هەر لاشەیەکی مردوو چیلکە قامیشێکیان لەسەر دانا،

---

20 ـ الحقيقة الغائبة، فرج فودة ل ٢٠ـ٢٤

21 ـ فصل في ذكر أعيان من قتل يوم الجمل من السادة النجباء من الصحابة وغيرهم من الفريقين ، رضي الله عنهم أجمعين

وقد قدمنا أن عدة القتلى نحو من عشرة آلاف ، وأما الجرحى فلا يحصون كثرة. ابن كثير -البداية والنهاية ، الجزء : ( 10 ) - رقم الصفحة : ( 473 )

**دوایی قامیشەکانیان کۆکردەوە و ژمارد ٧٠ حەفتا هەزار بوو! یانی ٧٠ هەزاریان لە یەک کوشتبوو!.[22]**

**ئەو شەڕانە ئەگەرچی بەژداربوان هەمووی سەحابەش نەبوون، بەڵام سەرکردایەتی شەڕەکە لە هەردوولا سەحابە بوون! ئەوە باسی تەکفیر و بەکوشتن دانانی زانایان بە دەستی زانایان هەر ناکرێ هێندە زۆرە.**

**هەر زانایان بوون لە تابیعی و تابیعی تابیعی و زانایانی سەلەف ابو حنیفەیان کافر دەکرد، ئەو زانایانە بوون لەسەر ناکۆکیەکی لاهوتی غەیلانی دیمەشقی، و الجعد بن درهم، و جهم بن صفوان، و حەلاج، و سەهرەوەردی، و ابن عربي، و الجاحظ، و ابن المقفع، و ابن النديم، المعرّي، و ابن رشد یان تەکفیر کرد و زۆربەیانیان بە کوشتن دا بە دەستی دەسەڵاتی نەخوێندەوار.**

**زانایانی ئیسلام بوون هەموو زاناکان و فەیلەسوفەکانی ئیسلامیان کافر کرد وەک ابن سینا و فارابی و ڕازی و ابن طفیل و تەبەڕی و ابن الهیثم ، و محمد بن موسى الخوارزمي، و ابن شاكر، و الكندي، و اليع قوبي، و المجريطي، و مسكويه، ، و ابن باجه، و الأدريسي، و ابن جبير، و ابن البناء، و سەدان زانای گەورەی تر.**

**ئەو تاوانانە لە دژی زانایانی دین وفەلسەفە و ئەدەب وبیری داهێنەر و زانستدا کێ کردویەتی لە زاناکان زیاتر؟! کێ خەڵکی ساویلکە و نەزانی هاندا لە دژی**

---

22 - الذهبي في تاريخ الإسلام - عهد الخلفاء الراشدين (ص545)، و معجم البلدان (3/414-415)، و مصنف ابن أبي شيبة (15/295)بإسناد حسن من مرسل ابن سيرين، و هو من أصح المراسيل. و تاريخ خليفة )ص194) مختصراً.

ئەو زانایانەی دین ودنیا، هەر زانا دینیە توندڕەوەکانی نمونەی وەک عەبدولواحید نەبوون؟! هەر ئەو زانایانە نەبوون کاتێ ئەبو حەنیفە مرد سوجدەی شوکریان برد بۆ خوا؟! ئەوانە نەبوون گەجەر وگوجەریان لە الطبري هاندا تا بە لێدان نیوە کوشتویان کرد، دوایش ماڵەکەی لێوان لێو پڕ بەرد کرا ولەژێر ئەو هەل ومەرجە مرد؟! کێ بوو جەعدی بە کوشتن دا تا لە ژێر مینبەری پێغەمبەر لە ڕۆژی جەژندا سەری ببڕێت، هەر زانا نەبوون؟!

خەڵکی گشتی ئەگەر ئەو مەلا وبانگوازە توندڕەوانە لێیان گەڕێن، زۆر زوو پێشدەکەون و باشتر لە دنیا تێدەگەن، بەڵام پیاوانی دینی ئەو غەریزە دینییە سەرەتاییانەیان وەبەردێنن هانیان دەدەن بۆ دژایەتی هەموو شتێکی باش، هەروەها بۆ ڕێزگرتنی خۆیان. ئەو جەماوەرە ساویلکەیەش تەخسیری نەکردوە لەو ڕێزگرتنەی بەناو زانایان، بەڵام ئەوەی کە ڕێزی زانایان ناگرن هەر خودی ئەو زانایانەن کە داوای ڕێز لە خەلک دەکەن، خۆشیان خالین لە ڕێز!

| بابـەتــەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| دەروازە | 3 |
| بەشی یەکەم: دکتۆر عەبدلواحید و خێرخوازی و جەماوەری دینی! | 6 |
| ئەوە خێرخوازییە نەک ڕیاکارانی ئیسلامی سیاسی! | 7 |
| ناوێری باسی عەبدلواحید بکەیت دەڵێن دکتۆرێکی خێرخوازە؟! | 10 |
| سەرسامی ساویلکانە! | 12 |
| خەڵک بۆچی وا کۆدەبێتەوە لە دەوری عەبدولواحید!؟ | 15 |
| بەشی دووەم: عەبدولواحید و ئافرەت | 21 |
| تێڕوانینی سووک بەرامبەر ئافرەت | 22 |
| عەبدولواحید و فرەژنی | 26 |
| مەلا وبانگخوازانی کورد و بچووک کردنەوەی ئافرەتی کورد | 30 |
| دکتۆر عەبدولواحید و عەقڵی ژن! | 34 |
| بەشی سێیەم: دکتۆر عەبدلواحید و لۆژیکی زانستی | 38 |
| دکتۆر عەبدلواحید و جینات وکرۆمۆسۆماتی شەیتان! | 39 |
| عەبدلواحید ڤایرۆسی کرۆنا و موسڵمانانی ئیگۆر! | 44 |
| ئینگلیزی زمانی بێ ئەخلاقیە و عەرەبی زمانی ئەخلاقە! | 47 |
| بەشی چوارەم: عەبدلواحید لە نێوان ئیسلامیەت و عەلمانیەت | 52 |
| عەلمانیەت یان ئیسلامییەت خیانەتە لە جەستە و ڕووحی کوردبوون؟! | 53 |
| مندالآن فێری شەڕ وشۆڕی غەزاکان کەن وەک قورئان! | 57 |
| سەرۆکی عەلمانی گوێڕایەڵی ناکرێت! | 59 |
| بە چۆک داهاتنی عەبدلواحید! | 63 |
| بەشی پێنجەم: عەبدلواحید و چەمکە چەواشەکارەکانی ڕابوونی ئیسلامی | 68 |
| دڵ بیردەکاتەوە! | 69 |

| | | |
|---|---|---|
| | ئەگەر ئەوروپا وا خراپ و ڕەشە ئەو هەموو ئیسلامیانە چ دەکەن لە ئەوروپا؟! | 71 |
| | وتارێکی عەبدلواحید و فیلمێکی کارتۆنی عەرەبی! | 74 |
| | ئابڕووچوون بە زەنگوڵە و دۆڵ و زوڕناوە! | 77 |
| | با زاناکان ڕێز لە یەک بگرن خەمی خەڵکتان نەبێت! | 80 |

## تا ئێستا ئەو ژمارانە دەرچوون لە:

# زنجیرەی دۆسێیە فەرهەنگی و فیکریەکان

*دۆسێی: ئەندەلوس لە نێوان داگیرکردن و لێبوردەییدا [دۆسێی ژمارە ( 1 )]

ئەزموونی سێکیولاریزم لە ئیسلامدا!

*جەلالەدینی ئەکبەر دامەزرێنەری یەکەم حوکمی سێکیولاری لە ئیسلامدا! [دۆسێی ژمارە ( 2 )]

*ئەفسانەی مەسیحی دەجال و مەهدی [دۆسێی ژمارە ( 3 )]

*پزیشکی پێغەمبەرایەتی و مەلا عەلی کەڵەک [دۆسێی ژمارە ( 4 )]

*ئیبن تەیمیە سەلەفیەت و تەعریب [دۆسێی ژمارە ( 5 )]

*ئیمام نەجمەدین تۆفی، هەوڵێکی تری سێکیولاری لە ئیسلامدا [دۆسێی ژمارە ( 6 )]

*فەرهاد پیربال: بەهلولەکەی دەسەڵاتی کوردی! [دۆسێی ژمارە ( 7 )]

*کورد لە نێوان دۆزی فەڵەستین و ئیسرائیل دا! [دۆسێی ژمارە ( 8 )]

*خەلافەتی عوسمانی لە شەریعەتەوە بۆ عەلمانیەت [٩]

**دەتوانی هەموویان لە پێگەی کوردپیدیا دابەزێنیت لەگەڵ هەموو کتێبەکانی نووسەر لەو لینکەی خوارەوە:**

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150630225203124659&lng=1

## بەرهەمەکانی تری نووسەر:

- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.
- نەورۆز و توندڕەوی سەلەفیەت
- ئەدیب و گزیری پۆلیس کـێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکـان .. وەرگێران.
- خوێندنەوەیەک: لە کتێبی ئەو (حەسەن البنا)یەی کە کەس نایناسێت
- ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.
- ئافرەتی کورد لەژێر هەژموونی گوتاری فیمینیزمی دا
- ئیسلامی سیاسی و فیگەرەکانی لە کوردستان و ئیسلامستان
- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە
- دواهەمین داوای شەیتان...کۆمەڵە چیرۆک
- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەک بۆ سەلەفیناسی
- پەیوەندی شیعە و کورد لە ڕۆشنایی عروبەت و میللەتگەرایی
- مۆتەکەی تورکی لە ئەتاتۆرکەوە تا ئەردۆگان
- ڕابوونی مەرگ
- کوشتنی فەرەج فۆدە هەڵوەشانەوەی ئەفسانەی مـیـانـــڕەوی ئیسلامی!

**هەموو کتێبەکان دەتوانیت لە سایتی کورپیدیا دابەزێنیت لەو لینکە:**

http://kurdipedia.org/default.aspx?lng=8&main=20150630225203124659&qr=true&report=relateditems

A Series of Cultural & Intellectual Dossiers

Dossier Number: (10 )

# Abdul Wahid

## Circling Around the Misconceptions of the Salafi Awakening

Written by:
Mohammed Hariri



ئەو چەواشەکاریانەی لەو دۆسێیە باسیان دەکەین تەنها چەند نمونەیەکن، ئەگەر نا سەدان وهەزاران چەواشەکاریتری هەیە، کە لە بیری عەرەبی سادەی بەناو ڕابوونی ئیسلامی وەریدەگرێت، وەریدەگێڕێتە سەر کوردی.

ئەو چەواشەکاریانەی بەناو ڕابوونی ئیسلامی هەموو جۆرێکن، چەواشەکاری زانستی بەناوی ئیعجازی عیلمی قورئان و سونە!

چەواشەکاری مێژوویی کە تەنها چەند وێنەیەکی بچوکی خەئاڵی و ئایدیاڵی مێژووی سەحابە و خەلافەت و ئیمامەکان پۆلیش دەکات، وفەرامۆشی هەموو خراپەکاری و کارە نێگەتیڤەکان دەکات.

چەواشەکاری سیاسی کە ئەو لایەنە زیاتر ئیسلامییە سیاسییە ئیخوانیەکان بەڕێوەی دەبەن! وەک موعجزاتی ئەفغانەکان لە شەڕیان دژی سۆڤیەتدا! و دەیان جۆری تری چەواشەکاری.

دەتوانم بڵێم کۆی ئەو کتێبە باس لەو چەواشەکاریانەی دکتۆر عەبدلواحد دەکات، بۆیەش کتێبەکەم بە ناوی بەشی پێنجەمی ئەو کتێبە کرد.

First Edition: February 2020